# ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی وزەی وڵاتانی ئەوروپا:
# توێژینەوەیەک لە دەرفەت و ئاڵنگارییەکان

د. أمين فرج شريف*                    م. سەروەر حمه احمد**

وشه کلیلییه‌کان: وزە، هەرێمی کوردستان، وڵاتانی ئەوروپا، هێڵی تاناپ و ئاڵنگارییەکان
https://doi.org/10.31271/jopss.10085

**پوختە:**

لەم توێژینەوەیەدا، باس لە ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی وزەی وڵاتانی ئەوروپا دەکرێت، لەگەڵ خستنەڕووی دیارترین ئاڵنگارییەکانی بەردەم هەرێم لەم پرسەدا. بەجۆرێک لە شێوەی توێژینەوەیەکی سیاسی- شیکاریدا، گۆڕدراوەکان تاوتوێ کراوون. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسە سەرەکییە بداتەوە: ئایا هەرێمی کوردستان لە تواناییدا هەیە پێداویستی وزەی ئەوروپا پڕبکاتەوە؟، وە چ بەربەست و ئاڵنگارییەکی دێتە پێش لەم ڕووەوە؟. هەروەها توێژینەوەکە گریمانەی ئەوەدەکات کە هەرێمی کوردستان سەرباری دەوڵەمەندی زۆری بە نەوت و گازی سروشتی، بەڵام لە دابینکردنی وزەی وڵاتانی ئەوروپا ئاڵنگاریی زۆری لە پێشە. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیار و گریمانەیە، توێژینەوەکە پشتی بە "میتۆدی شیکاری" و "شیکردنەوەی چۆنیەتی" (Qualitative Analysis) بەستووە. دەرەنجامی سەرەکی توێژینەوەکەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە وزەی هەرێم بووەتە جێگای بایەخی وڵاتانی ئەوروپا، ئەمەیش بۆ هەوڵی ئەوروپاییەکان لە دۆزینەوەی سەرچاوەی جیاواز و جێگرەوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی وزەی خۆیان دەگەڕێتەوە. بەڵام بەڵنیاییەوە ئاڵنگاری و بەربەستی ناوخۆیی و دەرەکی زۆر دێتە ڕێگەی هەرێمی کوردستان لە پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی وزەی وڵاتانی ئەوروپا.

**ملخص:**

**دور إقليم كوردستان في إمداد الطاقة للدول الأوروبية:**

**دراسة الفرص والتحديات**

تناول هذا البحث دور إقليم كوردستان في إمداد الدول الأوروبية بالطاقة، مع أبرز التحديات التي تواجه الإقليم في هذا الموضوع. وذلك من خلال دراسة سياسية- تحليلية والتي تحلل المتغيرات

* پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین—هەولێر amin.sharif@su.edu.krd

** مامۆستا و قوتابی دکتۆرا لە کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین—هەولێر
sarwar.ahmad@su.edu.krd

الموجودة. تحاول هذه الدراسة الإجابة على السؤال الرئيس التالي: هل إقليم كوردستان قادر على تلبية احتياجات أوروبا من الطاقة؟، وما هي العقبات والتحديات التي يواجهها في هذا الصدد؟. تفترض الدراسة أيضًا أنه على الرغم من موارده الغنية بالنفط والغاز الطبيعي ، يواجه إقليم كوردستان العديد من التحديات في إمداد الدول الأوروبية بالطاقة. للإجابة عن هذا السؤال والفرضية، تستخدم الدراسة المنهجين التحليلي والتحليل النوعي. وتصل الدراسة إلى أن طاقة إقليم كوردستان أصبحت تهم الدول الأوروبية، ويرجع ذلك إلى جهود الأوروبيين لإيجاد مصادر مختلفة وبديلة لتلبية احتياجاتهم من الطاقة. ومع ذلك هناك العديد من المعوقات الداخلية والخارجية أمام إقليم كردستان تجاه هذه القضية.

**Abstract:**

**The Role of the Kurdistan Region in Supplying Energy to European Countries: A Study of Opportunities and Challenges**

This reserch discusses the role of the Kurdistan region in supplying energy to European countries, with the most obvious challenges facing the region in this issue. the variables have been examined in the form of a political-analytical study. this study attempts to answer the following key question: is the Kurdistan region able to meet Europe's energy needs? and what obstacles and challenges does it face in this regard? the study also assumes that despite its rich Oil and Natural gas resources, the Kurdistan region faces many challenges in supplying energy to European countries. to answer this question and hypothesis, the study relied on "analytical methods" and "qualitative analysis". the study finds that the energy of the region has become of interest to European countries, which is due to the efforts of europeans to find different and alternative sources to meet their energy needs. however, there are many internal and external obstacles in the way of the Kurdistan region in meeting the energy needs of European countries.

## پێشەکی:

وزە[*]؛ وەک ماددەیەکی خاوی ئۆرگانی کاریگەری زۆری لەسەر سیاسەت و ئابووریی وڵات و کۆمەڵگاکان هەیە. نەوت و گازی سروشتی سەرباری ئەوەی شادەماری بازرگانی وڵاتانە، لە هەمانکاتدا بووە بە هەڵسوڕێنەری پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان دەوڵەتانیش. گرنگی نەوت و گازی سروشتی وەك کاڵایەکی ستراتیژیی لە سێ سەرچاوەوە بەها وەردەگرێ، یەکێکیان وەك سەرچاوەی وزە و، ئەوانی دیکە وەك کەرەستەی خاوی ناو پیشەسازی پترۆکیمیاویی و، بەکارهێنانی وەك چەکێکی سیاسی لەلایەن بەرهەمهێنەرانیەوە. ئەم کاڵایە بەهایەکی سیاسی زیاتری وەرگرت بەتایبەت دوای ئەوەی هەوڵەکان بۆ جێگرتنەوەی بە سەرچاوەکانی دیکە لە نموونەی وزەی تیشکی خۆر، کارۆئاوی و گەردیلەی ناوەکی وەک پێویست سەرکەوتوونەبوون. هەرێمی کوردستانیش بە بڕی ٤٥ ملیار بەرمیل لە نەوتی یەدەگ و، بڕی ٥,٦٧ ترلیۆن م$^{3}$ (مەتر سێجا) لە یەدەگی گازی سروشتی، خۆی دەخزێنێتە نێو ڕیزبەندی دەیەم و نۆیەم گەورەترین وڵاتی خاوەن یەدەگی نەوت و گازی سروشتی لە جیهاندا. بە جۆرێک نەوتەکەی ڕێژەی ٤٪ی یەدەگی نەوتی جیهان و، گازەکەشی ڕێژەی ٣٪ی یەدەگی گازی جیهان پێکدەهێنێت. کە بەسەر ٥٧ بلۆکی نەوتی و گازیی دابەشکراوە. ئەم دەوڵەمەندیەی هەرێم بەم سەرچاوە سروشتییە وایکردووە وڵاتان بە گرنگییەوە لێی بڕوانن.

### خستنەڕووی بابەتی توێژینەوە:

لە هەموو توێژینەوەیەکدا، کێشە و بابەتێك هەیە کە توێژەر هەوڵدەدات لێی بکۆڵێتەوە. بۆیە ئێمەش لە گۆشەنیگای گرنگی کەرتی وزەوە دەمانەوێت هەڵوەستە لەسەر ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی وزەی وڵاتانی ئەوروپا لە ڕووانگەی دەرفەت و ئاڵنگارییەکانیەوە بکەین.

### ئامانجی توێژینەوە:

هەروەك ئاماژەمان پێدا بابەتی توێژینەوەکەمان خۆی لە هەڵوەستەکردن لەسەر ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی وزەی وڵاتانی ئەوروپا دەبینێتەوە. لەم نێوەندەشدا ئامانجی توێژینەوەکەمان بریتییە لە تیشک خستنەسەر بنەما و پایەکانی کەرتی وزەی هەرێم لەلایەک و، خستنەڕووی ئاڵنگارییەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی وزەی وڵاتانی ئەوروپا لەلایەکی دیکەوە.

### پرسیاری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییە بداتەوە: ئایا هەرێمی کوردستان ئەو توانا پێشبینیکراوەی هەیە کە بتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە دابینکردنی وزەی وڵاتانی ئەوروپا، ئەگەر

(*) تێبینی: لە توێژینەوەدا، چەمکی "وزە"، لە بەرانبەر هەردوو زاراوەی "نەوت و گازی سروشتی" بەکارهاتووە.

هەیە دەرفەت و ئاڵنگارییەکانی بەردەمی چیین؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

تـوێژەر هەوڵـدەدات لەم تـوێژینەوەیەدا ڕاسـتی یـاخود ناڕاسـتی ئەم گـریمانەیە بسـەلمێنێ: "سەرباری ئەوەی کوردستان هەرێمێکی دەوڵەمەندە بە نەوت و گازی سروشتی، بەڵام لە دابینکردنی وزەی وڵاتانی ئەوروپا ئاڵنگاریی زۆری لە پێشە".

**میتۆدی توێژینەوە:**

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار و خستنەڕووی داتاکان و شیکردنەوەی بابەتەکان، پشتمان بە "میتـۆدی شیکاری" (المنهج التحليلي) بەستووە، لەهەمان کاتیشـدا ڕێبـازی "شـیکردنەوەی چـۆنیەتی" (التحليـل النـوعي/ Qualitative Analysis)ــشمان بەکارهێنـاوە بـۆ شـیکردنەوەی دۆکیومێنـت و بڵاوکـراوە فەرمییەکانی یەکێتی ئەوروپا و هەرێمی کوردستان.

**پەیکەری توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ باسی سەرەکی و بەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت، بە جۆرێك لە باسی یەکەمدا قسە لەسەر سیاسەتی وزە و، بەرهەمهێنانی نەوت و گـازی سروشـتی لە هەرێمی کوردستان دەکەین، لە باسی دووەمدا تیشك دەخرێتە سەر پـێگەی هەرێمـی کوردسـتان لە سـتراتیژیەتی وزەی وڵاتـانی ڕۆژئـاوا، لە باسـی سـێیەم و کۆتاییشـدا بـاس لە ئاڵنگارییەکـانی بەردەم هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی وزەی وڵاتانی ئەوروپا دەکەیـن. لە کۆبەندیشـدا بەرئەنجامەکـانی توێژینەوەکەمان دەخەینەڕوو.

## ١- سیاسەتی وزە و، بەرهەمهێنانی نەوت و گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان:

هەرێمی کوردستان لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو، لە ئاستێکی سنووردرادا دەستی بە گەڕان و کاری هەڵکۆڵین لە چەند کێڵگەیەکی کانزایی کرد، بە مەبەستی دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوتی خاو. بەڵام لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە بەهاری ٢٠٠٣، هەوڵەکان زیاتر و چالاکتر بوون لەو بوارەدا. لەم باسەدا دەمانەوێت تیشک بخەینە سەر سیاسەتی وزە و، بەرهەمهێنانی نەوت و گازی سروشتی لە هەرێم. بە جۆرێک لە داواکراوی یەکەمدا باس لە مێژووی گەڕان و بەرهەمهێنانی نەوت و گازی سروشتی لە هەرێم دەکەین. لە داواکراوی دووەمدا تیشک دەخەینە سەر دابەشبوونی جوگرافی و، بڕی یەدەکی نەوت و گازی سروشتی لە کوردستان. لە داواکراوی سێیەمیش قسە لەسەر ستراتیژییەت و سیاسەتی وزەی هەرێم دەکەین.

### ١-١ مێژووی گەڕان و بەرهەمهێنانی نەوت و گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان:

لەم ناوچە جوگرافیایەی کە ئێستا بە هەرێمی کوردستان ناسراوە، لە مێژە کێڵگەی نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە. بەڵام سیاسەتی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق ڕێگربوون لە بەرهەمهێنانی ئەم سەرچاوە سروشتییە بە سودی خەڵکەکەی. بۆیە جگە لە کێڵگەکانی پارێزگای کەرکوک، سەرجەم کێڵگە نەوتییەکانی کوردستان تاکوو پاش ڕاپەڕین وەبەرهێنانی جددییان تێدا نەکرا. بەڵام لە ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣و، لە کابینەی یەکەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان "کۆمیتەی باڵای پرۆژە تایبەتییەکان" دامەزرا بۆ دەرهێنانی نەوت لە ناوچەی تەق تەق و شێواشۆک. بۆ یەکەمجاریش بە شێوەیەکی سەرەتایی لە ٢٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٤ یەکەم گاڵۆن نەوت لە بیرە نەوتی شێواشۆک دەرهێنرا[١].

هەروەها لە ١٧ی تەمووزی ٢٠٠٢ یەکەم گرێبەستی نەوتی لەلایەن حکوومەتی هەرێم/ ئیدارەی سلێمانی بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی نەوتی تەقتەق لەگەڵ کۆمپانیای "گەنەڵ ئینێرجی" (Genel Energy)ی تورکی واژوو کرا[٢]. دواتر لە ١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٣ دووبارە حکوومەتی هەرێم/ ئیدارەی سلێمانی دوو گرێبەستی دیکەی نەوتی بۆ کارکردن لە بلۆکەکانی شاکەل و پوولخانە لەگەڵ کۆمپانیای "پیت ئۆیڵ" (Petoil)ی تورکی واژوو کرد. پاشان هەر لە ئیدارەی سلێمانی و، بۆ کارکردن لە کێڵگەی نەوتی کوردەمیر گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای "وێسترن زاگرۆس" (Western Zagros)ی کەنەدی لە ٤ی ئایاری ٢٠٠٦ واژوو کرا[٣]. لە بەرانبەریشدا حکوومەتی هەرێم/ ئیدارەی هەولێر لە ٢٥ی حوزەیرانی ٢٠٠٤، سێ گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیای "دی ئێن ئۆ" (DNO)ی نەرویجی بۆ کارکردن لە کێڵگەکانی تاوکێ، ئەربیل و دهۆک واژوو کرد. هەروەها لە ٢٩ی ئازاری ٢٠٠٦ گرێبەستێکی دیکە لەنێوان حکوومەتی هەرێم/ ئیدارەی هەولێر و کۆمپانیای "ئەی تی پێترۆلیەم"

(١) یوسف بەرزنجی، چارەنووسی کورد پترۆڵ وەك مەسەلەیەکی ستراتیژی، چاپخانەی کمال، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٣٧٨.
(٢) ڕێبین فەتاح، هێزی کاری نەوت لە کوردستان و عێراق، چاپخانەی ئازادی، هەولێر، ٢٠١٧، ل٥٤.
(3) Crisis Group, Oil for Soil: Toward a Grand Bargain on Iraq and the Kurds, Middle East Report No (80), 28 October 2008, p17.

(A&T Petroleum)ی تورکی واژوو کرا بۆ کارکردن لە کێڵگەی نەوتی بنەباوێ لە سنووری پارێزگای هەولێر[1]. بەمجۆرە لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٦ لەلایەن هەر دوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانییەوە هەشت گرێبەستی نەوتی لەگەڵ پێنج کۆمپانیای بیانی واژوو کران.

لە دوای پێکهێنانی کابینەی یەکگرتوو _کابینەی پێنجەم_، حکوومەتی هەرێم خێراتر دەستی بە وەبەرهێنان لە کەرتی وزەدا کرد و، گرێبەستی نوێی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان واژوو کرد بە مەبەستی گەڕان و بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوەی هەرێم. پاشان هەر لەو کابینەیە و، لە ئابی ٢٠٠٧، "وەزارەتی سامانە سروشتیەکان" (MNR) بۆ سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گازی سروشتی دامەزرا. دوای ئەوەی هەر دوو دەزگای پرۆژە تایبەتەکان و دەستەی گشتی نەوت بە پێی بڕگەی (١ و٢) لە ماددەی (٦)ی یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٠٧، "یاسای وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان" هەڵوەشێنرایەوە و، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان جێگای هەر دوو دەزگاکەی گرتەوە[٢]. هەر لەو قۆناغەدا دوای دەرکردنی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧، "یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان". هەرێم توانی ژمارەیەکی پێوانەیی لە گرێبەستی نەوتی لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکانی جیهان واژوو بکات و، سەرنجیان ڕابکێشێت بۆ وەبەرهێنان لە بواری نەوت و گازی سروشتی لە هەرێم.

پاشان لە حوزەیرانی ٢٠٠٩ هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی گرنگی بەرەو سەربەخۆ فرۆشتنی نەوت هاویشت، کاتێك لە مەراسیمێکدا قوفڵی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بەرەو بەندەری جەیهانی تورکیا لەلایەن سەرۆککۆماری پێشووتری عێراق "جەلال تاڵەبانی" و سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان "مەسعود بارزانی" کرایەوە و، داتر لە ٢٢ی ئایاری ٢٠١٤دا حکوومەتی هەرێم بەفەرمی هەناردەی نەوتی بۆ دەرەوە ڕاگەیاند[٣]. بۆیە دەکرێت ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٧ بۆ ٢٠١٤، بە قۆناغی درەوشانەوەی کەرتی وزەی هەرێم ناوزەند بکەین. بەجۆرێک لەو ماوەیەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان (٥٣) گرێبەستی لەگەڵ (٢٨) لە کۆمپانیا[*] بەناوبانگەکانی بواری نەوت لە وڵاتانی فەرەنسا، ئەمریکا، کەنەدا، تورکیا، نەرویج، ڕووسیا، بەریتانیا، کۆریای باشور، ئیمارات، هەنگاریا، نەمسا، ئیسپانیا، ئوسترالیا و ... هتد واژوو کرد.

هەروەها هەرێمی کوردستان لە چوار کێڵگەی گازیی دەستی بە پەرەپێدان و بەرهەمهێنان

---

(1) Ibid, p18.

(٢) بڕوانە: یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٠٧، یاسای وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان—عێراق، بڕگەی (١ و٢)، ماددەی (٦).

(٣) شاڵاو عەبدولخالق محەممەد، دیبلۆماسیەتی خوێنی ڕەش، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠١٧، ل٥٤.

(*) لە دیارتینیان بریتیین لە کۆمپانیاکانی: (ئەفرین پی ئێڵ سی، ئەداکس پیترۆلیۆم، ئێم ئۆ ئێڵ، ئیکسۆن مۆبیل، ئێچ کەی ئێن ئێنێرجی، ئۆیڵ سێرچ، ئۆریکس پیترۆلیۆم، ئۆ ئێم ڤی، ویسترۆن زاگرۆس، هانت ئۆیڵ، ماراسۆن ئۆیڵ، گۆڵف کیستۆن، گەنەڵ ئێنێرجی، گازپرۆم، کریسنت ئۆیڵ، شێفرۆن، شاماران، ڕیپسۆڵ، ڕۆز نەفت، ڕابەڵانس ئیندستریس، دی ئێن ئۆ، دانا گاز، تۆتاڵ، تەکساس کیستۆنی، تالیسمان ئێنێرجی، پیترۆکویست و پیت ئۆیڵ).

کردووە، ئەوانیش کێڵگەکانی (کۆرمۆر، خورمەڵە، بنەباوێ و میران)ـن. کە بە پێی خەمڵاندنەکانی کۆمپانیای "گافنی کلاین" (GaffneyCline)ی بەریتانی، قەبارەی یەدەگی گازی سروشتی بە تەنها لە کێڵگە گازییەکانی کۆرمۆر و چەمچەماڵ (٤,٤ تریلیۆن پێ سێجا)یە[١]. لە ئێستادا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بە تێکڕایی لەنێوان (٤٢٥ بۆ ٤٣٥ هەزار بەرمیل) نەوت بەرهەم دەهێنێت و هەناردەی بازاڕەکانی جیهانی دەکات. لەگەڵ بەرهەمهێنانی (٥٠٠ ملیۆن پێ سێجا) لە گازی سروشتی ڕۆژانە[٢].

**٢-١ دابەشبوونی جوگرافی و بڕی یەدەکی نەوت و گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان:**

هەریەکە لە "جۆن جێرستنلاوەر" (John Gerstenlauer) بەڕێوەبەری کۆمپانیای گۆلف کیستۆنی بەریتانی و، "جیم گراناس" (Jim Granath) جیۆلۆجیستی ئەمریکی، لەگەڵ "تۆم برادلی" (Tom Bradley) وتەبێژی کۆمپانیای دی ئێن ئۆی نەرویجی و "تۆنی هیوارد" (Tony Hayward) سەرۆکی پێشووی کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی تورکی باسیان لەوەکردووە، کە ئەوان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە هەرێمی کوردستان خاوەنی سەرمایەیەکی گەورەی نەوت و گازی سروشتییە و، یەدەگی نەوت گاز تیاییدا بە ملیاران بەرمیل و تریلیۆنان پێ سێجا دەخەملێنرێت[٣].

هەر بۆیە بەپێی داتا جیۆلۆجیەکان لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکوومەتی هەرێم (MNR)، "ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە" (IEA)، "دامەزراوەی ڕووپێوی جیۆلۆجی ئەمریکی" (USGS) و ڕۆژنامەی "فایناشناڵ تایمز" (Financial Times)ی بەریتانی، هەرێمی کوردستان خاوەنی (٤٥ ملیار بەرمیل) نەوتی یەدەگ و (٥,٦٧ تریلیۆن م$^3$) یەدەگی گازی سروشتییە. لە لایەکی دیکەوە هەر بە گوێرەی ڕاپۆتی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە، هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی جیهان، نەوتەکەی بەڕێژەی (٤٪)ی یەدەگی نەوتی جیهان و، گازەکەشی بەڕێژەی (٣٪)ی یەدەگی گازی جیهان پێکدەهێنێت[٤]. بەپێی ئەم داتایانە هەرێمی

(١) دانە گاز: کێڵگە گازییەکانی کۆرمۆر و چەمچەماڵ لە ڕیزبەندی گەورەترین کێڵگە گازییەکانی عێراقن، ماڵپەڕی فەرمی دانە غاز، لەم لینکەوە بەردەستە: (https://www.danagas.com/operations/kri/)، ڕێکەوتی سەردانیکردن (٥ی ئابی ٢٠٢٢).

(2) Dana Gas: KRI production reached a record level of 500 mmscf/d in January 2023, Available at: (https://www.danagas.com/media/press-releases#sec-7266), Accessed: 9 February 2023.

(٣) د. هاوڕێ مەنسور بەگ، نەوتی کوردستان یەکەم پێگەی دەوڵەتی کوردستان؟، گۆڤاری شرۆڤە، ژمارە (٢٥)، هاوینی ٢٠١٧، ل٦١.

(٤) هێمن ئەحمەد شەریف، گازی سروشتی هەرێمی کوردستان: لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای سیاسی، ماستەرنامە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٦٤. وە بڕوانە:

- Kurdistan Regional Government, Ministry of Natural Resources, Vision, 27 January 2021, Available at: (https://gov.krd/mnr-en/publications/oil/), Accessed: 21 November 2022.
- Robin Mills, Under the Mountains: Kurdish oil and regional politics, Oxford Institute for Energy Studies, Oxford, January 2016.
- Guy Chazan, An Ocean of Reserves Waiting to Be Tapped, Financial Times: 09 December 2012, Available at: (https://www.ft.com/content/d93421e8-3ef7-11e2-9214-00144feabdc0), Accessed: 28 November 2022.

کوردستان خۆی دەخزێنێتە نێو ڕیزبەندی دە لە گەورەترین وڵاتانی خاوەن یەدەگی نەوت لە جیهاندا و، لە دوای ڤێنێزوێلا، سعوودیا، کەنەدا، ئێران، عێراق، ڕووسیا، کوێت، ئیمارات و لیبیا دێت، وە پێش وڵاتانی نیجێریا، ئەمریکا، کازاخستان و چین دەکەوێت[1]. هەروەها لە یەدەگی گازی سروشتی دەچێتە ڕیزبەندی نۆیەم گەورەترین وڵاتی خاوەن یەدەگی گازی سروشتی لە جیهاندا و، لە پاش هەر یەک لە وڵاتانی ڕووسیا، ئێران، قەتەر، تورکمانستان، ئەمریکا، سعوودیا، عێراق و ڤێنێزوێلاوە دێت، وە پێش هەریەک لە وڵاتانی نیجێریا، چین، جەزائیر و ئوستراليا دەکەوێت[2].

هەرێمی کوردستان خاوەنی (٨) کێڵگەی سامانی سروشتییە کە بەسەر (٥٧) بلۆکی کانزایی _نەوت و گاز_ دابەشکراوە. بەجۆرێک کە (٤٠) بلۆکیان لە سنووری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانن و، ١٧ بلۆکی دیکەشیان کەوتوونەتە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بەڵام لە سنووری دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمدان. بەشێوەیەکی گشتی بلۆکە نەوتی و گازییەکانی هەرێم دابەش دەبن بەسەر سێ جۆر، جۆری یەکەم و دووەمیان بلۆکی نەوتیین، کە ژمارەیان (٤٨) بلۆکە، کە تەنها (٩) بلۆکیا لە قۆناغی بەرهەمهێناندان. ئەوانیش کێلگەکانی (خۆرمەڵە، تاوکێ، ئەترووش، شێخان، سەرسەنگ، هەولێر، سەرتە، کوردەمیر و تەقتەق)ن، ئەوانی دیکە لە قۆناغی گەڕان و دۆزینەوە یان پێش بەرهەمدان. جۆری سێیەمیان بلۆکە گازییەکانە کە ژمارەیان دە کێلگەی گازییە، بەڵام تەنها کێڵگەی کۆرۆمۆر لە قۆناغی بەرهەمهێناندایە و، لە سێ کێلگەی گازیی دیکە دەست بە کارکردن کراوە بە ئامانجی بەرهەمهێنان.

**٣-١ ستراتیژییەت و سیاسەتی وزەی هەرێمی کوردستان:**

سیاسەتی وزە (Energy Policy) لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە ئامانج و ئەجێندای جیاوازی هەیە، لە بنەڕەتدا حکوومەتەکان بنەما سەرەکییەکانی ستراتیژییەتی وزە و هەنگاوەکانی گەیشتن بە ئامانجی ئەو سیاسەتە دادەڕێژێن، پاشان ئەم سیاسەتە لەلایەن وەزارەت و دامەزراوەیی پەیوەندیدار و، لە ڕێگەی سەرمایەگوزاری کەرتی گشتی و تایبەتییەوە جێبەجێ دەکرێت. حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە ئەوەی ڕاگەیاندووە کە بەپشتبەستن بە دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ماددەکانی (١١١، ١١٢، ١١٥، ١٢١ ١٤١)، کە ئاماژە بە سامانی نەوت و گازی عێراق و بەڕێوەبردنی دەکات، لەگەڵ یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان پەرەی بە ستراتیژ و سیاسەتەکانی وزەی خۆی داوە، کە خۆیان دەبینێتەوە لە[3]:

(١) دەیڤید فلیپس، بەهاری کوردی: نەخشەیەکی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێڕانی: سیروان حسێن بیەیی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٦، ل٤٣.

(٢) صباح لطیف محمد، پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا و کاریگەری لەسەر ئابووری هەرێم: توێژینەوەیەک لە جوگرافیای ڕامیاریدا، ماستەرنامە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢، ل٢١.

(٣) هێمن ئەحمەد شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤. وە بڕوانە:

١) پەرەپێدانی کەرتی نەوت و گازی سروشتی لە پێناو بەدەستهێنانی داهاتی زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان و، بەدیهێنانی پێویستیە ناوخۆییەکان.

٢) بوونە دابینکەرێکی متمانەپێکراو و جێگیر و مسۆگەری وزە بۆ بازاڕە نێودەوڵەتیەکان.

٣) هەماهەنگی کردن لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵیی بۆ ئەوەی پێکەوە نەخشەی ستراتیژی دابرێژن لە پێناو گەشەپێدانی سامانی نەوت و گازی سروشتی هەرێم.

٤) ڕاکێشانی سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پێشکەشکردنی گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش[*].

٥) هێنانی کۆمپانیا گەورەکانی بواری وزە بۆ وەبەرهێنا لە کەرتی وزەی هەرێم، لە پێناو بەدەستهێنانی پشتگیریی سیاسی و ئابووریی وڵاتی خاوەن کۆمپانیا.

٦) بەستنەوەی هەرێمی کوردستانی بە هێڵە نێودەوڵەتییەکانی وزە.

لەم ڕوانگەوە دەشێ هەرێمی کوردستان سیاسەت و ستراتیژیەتی وزەی خۆی لە سێ خاڵی سەرەکیدا کورتبکاتەوە، ئەوانیش بریتیین لە[1]: یەکەم: سوودوەرگرتن لە داهاتی وزە بۆ مەبەستی هێنانە ئارای ئابوورییەکی گەشەسەندوو. دووەم: بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە وزە بۆ بونیادنانی قەوارەیەکی سیاسی سەقامگیر. سێیەم: بەکارهێنانی وزە لە پەیوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوە.

— Kurdistan Regional Government, Ministry of Natural Resources, Policies and Strategies, 27 January 2018, Available at: (https://gov.krd/mnr-en/publications/policies/), Accessed: 24 November 2022.

(*) لە "گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش" (Product Sharing Argumeent) کۆمپانیا بیانییەکانی بەرهەمهێنان خۆیان تێچووی تەواو بۆ گەڕان و دۆزینەوە و هەڵکەندنی بیر و دامەزراندنی دەزگای بەرهەمهێنان و ڕاکێشانی بۆری ناردنە دەرەوەی نەوت و گاز تەرخان دەکەن، لە کاتێکدا کە دەوڵەتەکە یان هەرێمەکە ئەو توانایەی نابێت ئەو تێچووە دابین بکات. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر جۆری گرێبەستە نەوتیەکان بڕوانە: کاوان إسماعيل إبراهيم، عقود التنقيب عن النفط وإنتاجه، رسالة دكتوراه، كلية القانون والسياسة، جامعة صلاح الدين—أربيل، ٢٠٠٩، ص٨١ ومابعدها.

(١) د. سەردار عەزیز، حکومەت و سامانی سروشتی لە هەرێمی کوردستان، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت، ٢٠١٣، ل١١٣.

## ٢- هەرێمی کوردستان لە ستراتیژیەتی وزەی وڵاتانی ڕۆژئاوادا:

دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت و گازی سروشتی و، هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ بەندەری جیهان، وادەکات جیۆئیکۆنۆمی ئەم بەشەی کوردستان لە ڕێگەی بوون بە فاکتەرێکی کاریگەربێ لە هاوکێشەکانی وزەیی ناوچەکە و جیهان. ئێمە لەم باسەدا و لە چوارچێوەی چوار داواکراودا دەمانەوێت تیشکێک بخەینە سەر پێگەی هەرێمی کوردستان لە ستراتیژیەتی وزەی وڵاتانی ڕۆژئاوادا. بە جۆرێک لە داواکراوی یەکەمدا باس لە بنەماکانی ستراتیژیەتی وزەی یەکێتی ئەوروپا دەکەین و، لە داواکراوی دووەمدا فۆکەس دەخەینە سەر ململانێی وزە لە نێوان ڕووسیای فیدراڵ و وڵاتانی ئەوروپا. پاشان لە داواکراوی سێیەمدا قسە لەسەر توانای هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی گازی سروشتی وڵاتانی ئەوروپا دەکەین و، لە داواکراوی چوارەم و کۆتایشدا تیشک دەخەینە سەر هێڵی تاناپ وەک دەروازەی گرێدانی وەزی هەرێمی کوردستان بە وڵاتانی ڕۆژئاواوە.

### ٢-١ بنەماکانی ستراتیژیەتی وزەی یەکێتی ئەوروپا:

ستراتیژیەتی وزەی ئەوروپا، وەك بەشێك لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو یەکێتییە سەیر دەکرێت و، پاراستنی سەقامگیری کەرتی وزەی ئەوروپا لە پێشینەی سیاسەتی ئاسایشی یەکێتی ئەوروپادایە، چونکە یەکێتی ئەوروپا وەك یەکێك لە گەورەترین بازاڕە ئابوورییەکانی جیهان پێویستی بەدەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەیەکی بەردەوامی بێ کێشەی وزە هەیە. لەبەرئەوەی زۆرینەی وڵاتانی ئەوروپا پشت بە هاوردەکردنی وزە دەبەستن لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان. بەجۆرێک تێکرای خەمڵاندنەکانی یەکێتی ئەوروپا ئەوەیە نزیکەی لە (٥٣٪) ئەو وزەی کە بەکاری دەهێنن لە وڵاتانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپاوە دێت. لەناو هەموو جۆرەکانی وزەدا بەڕێژەی (٩٠٪)ی نەوت و (٦٦٪)ی گازی سروشتی لە دەرەوە دێنن، لەو ڕێژەیەش لە (٣٠،٥٪) گازی سروشتی و (٢٠،٣٪) نەوتی بەکارهاتوو لە ڕووسیاوە هاوردە دەکەن[1]. ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە و ترسی لای ئەوروپاییەکان دروستکردوە، کەلە حاڵەتی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و یەکێتی ئەوروپا مەترسی ڕاستەقینە بۆ سەر ئاسایشی وزەی ئەم یەکێتیە دروستدەبێت. بۆیە دەبینینن لە پێناو بەهێزکردنی ئاسایشی وزەی ئەوروپا، یەکێتیەکە پێنج ستراتیژیەتی سەرەکی گرتۆتەبەر، ئەوانیش بریتیین لە:

یەکەم/ ستراتیژیەتی جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی دابینکردنی وزە: بۆ دڵنیابوونی ئەوروپاییەکان لە دابینکردنی وزە بەشێوەیەکی هەمیشەیی، وا پێویست دەکات کە تەنها پشت بەیەك وڵات وەك سەرچاوەی وزە نەبەستن. وەك ئەوەی لە ئێستادا بەدیاردەکەوێت کە بەپێی وتەی بیرمەندی ئەمریکی بواری نەوت "مایکڵ کلیر" (Michael Klare)، سەرچاوەی سەرەکی وزەی ئەوروپاییەکان وڵاتی ڕووسیایە[2]. بۆیە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی ستراتیژیەتی وزەی یەکێتی

(1) European Commission, Communication from the Commission to the European Parliament and the Council: European Energy Strategy, Brussels 28 May 2014, Available at: (https://2u.pw/mzVCn), Accessed: 20 September 2022.

(٢) مايكل كلير، دم و نفط، ترجمة: أحمد رمو، دار الساقي، بيروت، ٢٠١٢، ص ص٢٢٢—٢٢٣.

ئەوروپا ئەوەیە کە بیر لە جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی دابینکردنی وزە بکەنەوە، چونکە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا یەکێکن لە گەورەترین هاوردەکار و بەکاربەری وزە لە جیهاندا، لەم ڕوانگەیەوە دەیانەوێت پێداویستی وزەی خۆیان لە پاڵ ڕووسیا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا پڕبکەنەوە.

دووەم/ ستراتیژیەتی دروستکردنی یەکێتیەکی وزەی یەکگرتوو: دیسانەوە بە ئامانجی پاراستنی ئاسایشی وزەی ئەوروپا، ئەم یەکێتیە کار لەسەر ستراتیژیەتێکی وزەی یەکگرتوو دەکات، تاکوو وڵاتانی ئەندام پێکەوە خەمی دابینکردنی وزە بۆ بازاڕەکانی ئەندامی یەکێتیەکە بخۆن و بڕیاری دابینکردنی وزە و فەراهەمکردنی ژێرخانی گواستنەوەی وزە بکرێتە سیاسەتێکی ناوەندیی و لە بڕۆکسلەوە بڕیاری لێبدرێت(١).

سێیەم/ ستراتیژیەتی پابەندبوون بە پرنسیپەکانی بازاڕی ئازادی هاوبەش: سیاسەتی پاراستنی ئاسایشی وزەی یەکێتی ئەوروپا بە بەردەوامی پێداگری لەسەر پرنسیپەکانی بازاڕی ئازادی هاوبەش لە ناوخۆ و تێکەڵبوونیان لەگەڵ یەکتردا دەکاتەوە. وە لە ڕوانگەی لایەنگرانی بازاڕی ئازادەوە نەوت و گاز کاڵایەکی بازرگانییە و نابێت وڵاتانی بەرهەمهێنەری وزە بەگشتی و ڕووسیا بەتایبەتی هەوڵی بەسیاسیکردنی بدەن(٢). ئەمەش وەك میکانزمێکی ئاسایشی وێنا دەکرێت، کە ئامانج لێی ڕێگەگرتنە لە بەکارهێنانی وزە وەك چەکێکی سیاسی لەلایەن وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت و گازی سروشتییەوە.

چوارەم/ ستراتیژیەتی فرەجۆرکردنی وزە: بۆ ڕێگەگرتن لە دروستبوونی قەیرانی دابینکردنی تەنها یەك جۆری وزە، ئەوروپا سیاسەت و ستراتیژیەتی وزەی یەکێتیەکەی وا داڕشتووە کە نابێت تەنها پشت بە گازی سروشتی و نەوتی خاو ببەسترێت کە بەزۆری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕووسیا و باکوری ئەفریقادا بەرهەمدەهێندرێت و، ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان دەکرێت. بەڵکو دەبێت پەنا بۆ ڕێگە و سەرچاوەی دیکەش ببرێت. بۆ ئەم مەبەستە یەکێتی ئەوروپا لە ڕێگەی "پلانی توانستی وزە" و "پلانی وزەی نیشتمانی"ـەوە دەیەوێت تا ساڵی ٢٠٣٠ بەڕێژەی (٢٤،٢٪) نەوت و گازی سروشتی هاوردە کەمبکاتەوە و لە بەرانبەردا پشت بە وزەی نیشتمانی و جۆرەکانی دیکەی وزە ببەستێت لە نموونەی وزەی خۆر و کارۆئاوی(٣).

پێنجەم/ ستراتیژیەتی زیادکردنی بۆرییەکانی گواستنەوەی وزە: هەر لە چوارچێوەی بنەما سەرەکییەکانی ستراتیژیەتی وزەی یەکێتی ئەوروپا جەختکردنەوەیە لە زیادکردن و هەمەچەشنکردنی

(1) See: Report from the European Commission to The European Parliament On security of energy supply and international cooperation - "The EU Energy Policy: Engaging with Partners beyond Our Borders", (Sec (2011) 1022 Final) & (Sec (2011) 1023 Final), Brussels 07 September 2011.

(٢) أيمن حبيبة، الإتحاد الأوروبي و دوره في تحقيق التكامل الإقتصادي، رسالة الماجستير، كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية، جامعة العربي التبسي—تبسة، الجزائر، ٢٠١٦، ص ص٢١—٢٣.

(٣) چنار بابکر محمد، کاریگەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان—عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، ماستەرنامە، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین—هەولێر، تشرینی یەکەمی ٢٠١٥، ل٢١.

بۆرییەکانی گواستنەوەی وزە لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت و گازەوە بۆ بازاڕەکانی یەکێتی ئەوروپا(١).

بۆیە بەگشتی دەکرێت بڵێین ئەوروپاییەکان لەو بڕوایەدان ئابوورییەکی بەهێز پەیوەستە بە دابینکردنی ئاسایشێکی بەهێزی نیشتمانی. بۆیە یەکێك لە هەنگاوە گرنگەکانی ئەوروپا بۆ ئەو مەبەستە دەستخستنی ئاسایشی وزەیە. دەیانەوێت ئاسایشی وزەی خۆیان لەگەڵ گەشەی ئابووری جیهان و هاوپەیمانەکانیان بەهێز بکەن، بۆ ئەوەی ڕێگە خۆشبکەن بۆ دابینکردنی بەردەوامی وزە و هەمەڕەنگکردنی سەرچاوەکانی.

**٢-٢ ململانێی وزە لەنێوان ڕووسیای فیدراڵ و وڵاتانی ئەوروپا:**

ڕووسیا و وڵاتانی ئەوروپا سنوورێکی درێژیان پێکەوە هەیە و، بەهۆی پێویستی و بەرژەوەندییەکانیشەوە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوانیاندا هەیە. ئەوەی زیاتر جێی بایەخ و گرنگییە لەم پەیوەندییەی نێوانیاندا کەرتی گازی سروشتی و هێڵەکانی بۆری گواستنەوەی ئەم وزەیەیە. ئاشکرایە کە ململانێی بەهێز لەنێوان وڵاتاندا هەیە لەسەر دەسەبەرکردن و فرۆشتن و کڕینی وزە، ئەمەش بەهۆی ئەو بایەخە گەورەی کەهەیەتی، ئەمە جگەلەوەی هەندێکجار بەهۆی ڕووداو و قەیرانەوە ئاڵوگۆڕ و بازرگانی وزەش گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بۆیە دەبینین دوای جەنگی سارد لە سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیادا لە بری ئایدۆلۆژیا سیاسەتی وزە برەوی پەیداکرد، بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپادا، بەوپێیەی بازاڕێکی بەردەست و نزیکە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە شێوەکانی هێزی وزەی ڕووسیا لە سێ بواردا دەردەکەوێت، وەکوو(٢):

١) خاوەنداریێتی سەرچاوەکانی وزە: ڕووسیا گەورەترین وڵاتی جیهانە لە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی گازی سروشتییدا.

٢) خاوەنداریێتی هێڵەکانی بۆری گواستنەوە: ڕووسیا خاوەنداریێتی تەواوی هێڵەکانی بۆری ناوخۆ و زۆربەی هێڵەکانی دیکەی بەستەری ڕووسیا بە دەریای قەزوین و هەرێمی بەڵتیک و ئەوروپاش دەکات.

٣) ڕێککەوتننامە ماوە درێژەکان: یەکێکی دیکە لە شێوازەکانی هێزی وزەی ڕووسیا خۆی دەبینێتەوە لە گرێبەستە ماوە درێژەکانی گازی سروشتی، وەك گرێبەستی گازیی لەنێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا.

بە پشت بەستن بەم شێوانەی هێز کەباسمان کرد، وایکردوە ڕووسیا بەکارهێنانی وزە وەك چەکێکی سیاسی بەکاربهێنێت. بۆیە دەکرێت بڵێین ململانێی وزە لەنێوان ڕووسیا و ئەوروپادا، خۆی لەدوو خاڵی سەرەکیدا دەبینێتەوە، کە بریتیین لە:

یەکەم/ بەسیاسیکردنی کەرتی وزە: بەرپرسانی باڵای ڕووسیا گرنگییەکی تایبەت بە کەرتی وزە دەدەن، چونکە پێیان وایە دەکرێت وزە وەك ئامرازو فشارێکی سیاسی گرنگ بەکاربهێنرێت لە

(1) Tim Boersma, Energy Security and Natural Gas Markets in Europe: Lessons from the EU and the United States, 1st Edition, Routledge, London, 2015, P17.

(2) Lisa Pick, EU-Russia energy relations: a critical analysis, POLIS Journal, Vol. 7, Summer 2012.

بەرانبەر وڵاتانی ڕۆژئاوا لە بەدیهێنانی ویست و ئامانجە دەرەکییەکانیان. بـۆ نمـوونە گـازی سروشـتی یەکێکە لەو کەرەستانەی کە مۆسکۆ بۆ پارێزگاری لە هێز و کاریگەریی خۆی لەسەر ئەوروپا بەکـاری دەهێنێت. لەڕێگەی گازی سروشتییەوە فشار بۆ سەر ئەندامانی یەکێتی ئەوروپا دروست دەکات، بـۆ ئەوەی لە بازنەی کاریگەریی ڕووسیادا بمێننەوە[1]. بە واتایەکی دیکە دەکرێـت بڵێـین ئەوروپاییەکـان وایدەبینن کە ڕووسیا ڕەگەزی وزە وەك کارتێکی سیاسی بەکاردێنێت بـۆ ملکەچکـردن و ناچـارکردنی دراوسێکانی بە ئامانجی جێبەجێکردنی سیاسەت و مەرام و خواستەکانی.

دووەم/ ململانێ لەسەر هێڵەکانی بۆری گواسـتنەوەی وزە: زۆرتـرین گرفـت و قەیـران لەنـاوچە سنوورییەکانی ڕووسیا و یەکێتی ئەوروپا لە وڵاتانی گوزەری هێڵەکانی بۆریـدا چڕبـۆتەوە. هەر بـۆیە ئەو وڵاتانەی هێڵەکانی بۆریان پێدا تێپەر دەبێـت سـەرباری ئەوەی پێداویسـتییەکانی وزەی خۆیـان لەو بۆرییانەوە دابین دەکەن، لەهەمان کاتدا وەك چەکێکی سیاسیش دەتوانن بەکاری بێنن. ڕاگرتنـی هەناردەکردنی گازی سروشتی بۆ ئۆکرانیا لە ساڵی ٢٠٠٦ دەکرێت بە یەکێك لە نمایشە سەرەتاییەکانی هێزی ڕووسیا دابنرێت بەرانبەر بە ڕۆژئاوا. وە لەقەیرانی نێوان ڕووسـیا و جۆرجیـادا ڕووسـیا بـاوەڕی وابـوو کە ئەو قەیـرانە ئەوروپاییەکـان دروسـتیان کـردوە تـاوەکوو إحتـوائی هەژمـوونی ڕووسـیا لەو ناوچەیە بکەن، چونکە ئەو ناوچەیە شوێنێکی جوگرافی گـرنگە و بۆریەکـانی گواسـتنەوەی نەوت بـۆ ئەوروپا لەو ناوچەیەن[2].

بەمجۆرە دەبینین ململانێیەکی ئاڵۆز لەنێوان مۆسکۆ و برۆکسل لە بواری نەوت و گازی سروشتی و هێڵەکانی بۆری گواستنەوە وزە هەیە، ئەمەش کاریگەری بەرچاوی لەسەر ئاسایشـی وزەی یەکێتـی ئەوروپا هەیە، بە جۆرێك سەرباری ئـاڵوگۆڕی بازرگـانیی نێوانیـان، بەڵام مەسـەلەی وزە بە گـرنگترین بەستەری ململانێی نێوان ڕووسیای فیدراڵ و وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا دادەنرێت.

**٣-٢ توانای هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی گازی سروشتی وڵاتانی ئەوروپا:**

بەگشتی ڕێژەی یەدەگی گازی سروشتی لە ئەوروپا کەمترە بە بەراورد بە هەموو کیشـوەرەکانیتر، نەرویج کە زۆرترین یەدەگی گازی لە نێو هەموو وڵاتـانی ئەوروپـادا هەیە، بـڕەکەی (٢،٣١٣ تریلیـۆن $م^3$)یە و، لە ڕیزبەندیی شازدەهەمین وڵاتی جیهانە، هۆڵەنـداش لە ڕیزبەنـدی بیسـت وپێنجەمیـنە بە بڕی (١،٤١٦ تریلیۆن $م^3$) و شانشینی یەکگرتووی بەریتانیـاش بە بـڕی (٢٩٢ ملیـار $م^3$) لە ڕیزبەنـدیی چل ویەکەمینە، هەریەك لە وڵاتانی ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، پۆڵەندا، فەرەنسا وئیسپانیا لەم بڕە کەمتر لە گازی سروشتی لەژێر خاکەکەیاندا هەیە[3]. وە لە بەرهەمهێنـانی گـازی سروشـتیدا، هەمـوو وڵاتـانی ئەوروپـا توانای بەرهەمهێنانی نزیکەی (١٣٣ ملیـار $م^3$)ـیان هەیە، ئەمەش بەراورد بە خواسـتی ئەوروپییەکـان زۆر کەمە. چونکە تەنها یەکێتی ئەوروپا لەسەر ئاسـتی جیهـان؛ دووەمـین گەورەتـرین بەکـارهێنەری گازی سروشتییە لە دوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە ساڵانە نـزیکەی (٤٥٩ ملیـار $م^3$) گـازی

(١) سەروەر حەمە ئەحمەد، کوردستان لە ستراتیژیەتی ڕۆژئاوادا، دەزگای فام، هەولێر، ٢٠٢٠، ل٤٠.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.

(3) See more: BP Statistical Review of World Energy, 71st edition, June 2022.

سروشتی بەکاردەهێنن. بەمجۆرە لە هاوردەکردنی گازی سروشتیدا یەکێتی ئەوروپا لە ڕیزبەندی یەکەمی هاوردەکاراندایە و، نزیکەی نیوەی گازی هاوردەکراوی جیهان لەلایەن ئەو یەکێتییەوەیە بە بڕی (٤٢١ ملیار م³)ی ساڵانە[١].

بەگوێرەی تیۆری نوێی بازرگانی نێودەوڵەتی، بازرگانی بە تەنها لەنێوان دەوڵەتان ئەنجامنادرێت، بەڵکو لەنێوان ئەو ناوچانەدا ئەنجامدەدرێت کە بەرهەمدەهێنن و ئەو ناوچانەش کە پێویستیان بەو بەرهەمە هەیە، واتە لە ناوچەیەك بەرهەم زۆرە و لە ناوچەیەکی دیکە پێویستی بەو بەرهەمە هەیە[٢]. هەر ئەمەش وایکردووە کە "مەسرور بارزانی" سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە میانەی بەشداری لە "کۆڕبەندی جیهانی وزە" لە ئیمارات لە ٢٨ی ئازاری ٢٠٢٢ بڵێت: "ئێمە دەرفەتێکی گەورەمان هەیە بۆ دابینکردنی وزە بۆ بازاڕی ناوخۆیی و جیهانی، سوورین لەسەر ئەوەی کوردستان بکەینە سەنتەرێکی وزە لە ناوچەکە. ئێمە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبین بە هەناردەکاری گاز بۆ بەشەکانی دیکەی عێراق، تورکیا و ئەوروپا و پێداویستی وزەی ئەوان دابین دەکەین"[٣]. هەروەها "قوباد تاڵەبانی" جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێم لە میانەی بەشداری لە کۆڕبەندی ئابووری دێلفی لە یۆنان لە ٩ی نیسانی ٢٠٢٢ گوتی: "ئێمە لە هەرێم خاوەنی یەدەکی گەورەی نەوت و گازین، هیچ گومانی تێدا نیە هەرێمی کوردستان دەتوانێ بارگرانی قەیرانی گاز لە چەندین ناوچەی جیهان چارەسەر بکات، بۆیە ئامانجی ئێمە ئەوەیە گازی سروشتی کوردستان بگەیەنینە بازاڕەکانی جیهان"[٤]. پاشان لە سەردانی "نێچیرڤان بارزانی"، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ بۆ تورکیا و، کۆبوونەوەی لەگەڵ "ڕەجەب تەیيب ئەردۆغان"، سەرکۆماری تورکیا، باسی لەوە کرد کە دەکرێت هەرێمی کوردستان ڕۆڵی کارای هەبێت لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە جیهان بەگشتی و لە ئەورووپا بەتایبەتی لە بواری وزە و گازی سروشتیدا دروست بووە[٥]. پێشتریش بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای دانە گاز "پاتریك ئەلمان" (Patrick Allman)، لە شوباتی ٢٠٢٢، ئەوەی ئاشکراکرد کە ئاستێکی پێوانەییان لە بەرهەمهێنانی گاز لە کێڵگەی کۆرمۆر تۆمارکردووە، کە توانای دابینکردنی گازی هەرێم، عێراق، تورکیا و یەکێتی ئەورووپاشی هەیە لە ئایندەدا[٦].

---

(1) Ibid.

(٢) د. کامەران احمد محمدامین، نەوت و داڕشتنەوەی پەیوەندییە هەرێمایەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گۆڤاری یاسا و ڕامیاری، ژمارە (٢١)، ساڵی پازدەهەم، حوزەیرانی ٢٠١٧، ل٣٠٩.

(٣) بڕوانە: هەرێمی کوردستان کارەکتەرێکی کارا بۆ پاراستنی ئاسایشی وزە، گۆڤاری گوڵان، ژمارە (١٣١١)، ٤ی نیسانی ٢٠٢٢، ل ل٩-١١.

(٤) بڕوانە: قوباد تاڵەبانی؛ هەرێمی کوردستان دەتوانێت بارگرانی قەیرانی گاز لە چەندین ناوچەی جیهان چارەسەر بکات، ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەم لینکەوە بەردەستە: (https://2u.pw/pEGozR)، ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢١ی کانونی یەکەمی ٢٠٢٢).

(٥) بڕوانە: نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ ئەردۆغان کۆبووەوە، ماڵپەڕی فەرمی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان-عێراق، لەم لینکەوە بەردەستە: (https://presidency.gov.krd/president-nechirvan-barzani-meets-with-president-erdogan/)، ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٧ی کانونی دووەمی ٢٠٢٣).

(٦) دانە غاز: داهاتمان لە (٣٠%) بۆ گازی سروشتی زیادیکردووە، ماڵپەڕی درەو میدیا، لەم لینکەوە بەردەستە: (https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9661)، ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢ی کانونی دووەمی ٢٠٢٣).

لە ڕاپۆرتێکی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە کەلە ١٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە ئاماژەی بەوەداوە کە نەك هەر وزەی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوروپا گرنگە، بەڵکو ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی ئەم هەرێمە بۆ بەندەری جیهانی کێشە بۆ کڕیارانی نەوت لە ئەوروپا دروستدەکات، بەتایبەت بۆ هەریەکە لە ئیتاڵیا و کرواتیا و یۆنان و ئیسپانیا کە بەشێوەیەکی بەردەوام نەوتی هەرێمی کوردستان دەکڕن[١]. دیسانەوە ئەم ئاژانسە لە ڕاپۆرتێکیی دیکەیدا کەلە ساڵی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە، باس لەوە دەکات کە خواست بۆ نەوتی خاو تاکوو ساڵی ٢٠٣٥ ڕۆژانە لە (٨٩ ملیۆن بەرمیل)ەوە بەرز دەبێتەوە بۆ (١٠١ ملیۆن) بەرمیل. وە بۆ ئەوەی نرخی نەوت بە ئاراستەی سەقامگیری بڕوات، دەبێت تا ئەوکاتە ڕۆژانە بەرهەمهێنانی نەوت (١٢ ملیۆن بەرمیل) زیاد بکرێت[٢]. لێرەدا ئەگەر ئێمە لەلایەك سەرنج لە بڕی ئەو کورتهێنانە بدەین و، لەلایەکی دیکەوە توانای هەرێمی کوردستان لە زیادکردنی هەناردەکردنی نەوتەکەی بۆ بەندەری جیهانی لەپێش چاو بگرین، ئەوا دەتوانینن بڵێین هەرێمی کوردستان دەتوانێت بە نزیکەی لە (١٤٪) ئەو کورتهێنانە پڕبکاتەوە[٣]. لێرەوە گرنگی سەرچاوەکانی وزەی هەرێمی کوردستان دەردەکەوێت کە دەتوانێ چ ڕۆڵێك لە سەقامگیری نرخی نەوت و پاراستنی ئاسایشی وزەی جیهان و یەکێتی ئەوروپا بگێڕێت.

لەم ڕوانگەشەوە "ڤۆڵفگانگ شوسێل" (Wolfgang Schüssel) ڕاوێژکاری پێشووی نەمسا، لە کۆنگرەی وزە کەلە ٤ی شوباتی ٢٠١١ لە برۆکسل گرێدرا، دەڵێت: "ئەوروپا پێویستە سەرچاوەکانی وزە هەمەجۆر بکات، بۆ وێنە دەبێت چاو ببڕێتە سەرچاوەکانی وزەی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەوروپا پێویستی بە هێڵی دیکەی نەوت و گازە، بۆیە کوردستان دەتوانێت ببێتە هاوبەشێکی نوێی یەکێتی ئەوروپا لەو بوارەدا"[٤]. واتە لە دیدی شوسێلەوە هەرێم لە توانایدا هەیە ببێت بە سەرچاوەی وزە بۆ زۆرێك لە وڵاتە ئەوروپییەکان، ئەمەش وادەکات لە ڕووی ستراتیژیەوە گرنگی هەرێمی کوردستان لە جیهاندا زیاتر لەبەرچاو بگیرێت.

لە دوای هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا لە ٢٤ی شوباتی ٢٠٢٢، مەترسی لەسەر ئاسایشی وزەی ئەو وڵاتە ئەوروپیانەی پەیوەستن بە نەوت و گازی هاوردەکراو لە ڕووسیا، لە هەموو کات زیاتر دەرکەوتووە. بۆیە وڵاتانی ئەوروپا ئێستا زیاتر لە هەر کاتێک ناچارن لە دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی مسۆگەر بۆ جێگرتنەوەی وزەی ڕووسیا یان دابەزاندنی پشکی وزەی ئەو وڵاتە لە بازاڕی وزەی خۆیان هەنگاوی کردەیی بنێن. بۆ ئەم هەنگاوەش گازی شلی ئەمریکا و گازی سروشتی وڵاتانی ناوچەی

(1) See: International Energy Agency, Oil Market Report, 12 October 2017, p18. Available at: (https://iea.blob.core.windows.net/assets/73f2c636-5dab-4a15-a165-5990939fa561/October_2017_OMR.pdf).

(2) See: International Energy Agency, World Energy Outlook 2013 and Global energy trends to 2035, 12 November 2013, p55. Available at: (https://iea.blob.core.windows.net/assets/a22dedb8-c2c3-448c-b104-051236618b38/WEO2013.pdf).

(٣) سەروەر حەمە ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨.

(4) See: Iraq Business News, Conference Highlights Significance of Kurdistan Oil for West, 14th February 2011, Available at: (https://2u.pw/qcOdzY), Accessed: 29 November 2022.

دەریای سپی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بژاردەی بەردەم ئەوروپاییەکانن بۆ چارەسەری ئەو قەیرانی وزەیەی بەرۆکی گرتوون[١]. بەڵام سەرەڕای قەبارەی گەورەی یەدەگی گازی ئەمریکا بە بڕی (١٢,٦ تریلیۆن مەتری سێجا) و، توانای بەرهەمهێنانی بە بڕی (٩١٤ ملیار مەتر سێجا)ی ساڵانە، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی بڕی (٨٣٢ ملیار مەتر سێجا) لە ساڵێکدا، توانای ئەمریکایی لە وڵامدانەوەی کۆی پێویستی ئەوروپا بۆ گازی شلی ئەو وڵاتە سنووردار کردووە. هەروەها گونجاوی و توانای پرۆژەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی گازی سروشتی وڵاتانی دەریای سپی بۆ دابینکردنی خێرای گازی سروشتی ئەوروپا، لەلایەن شاندی وەزارەتی وزەی ئەمریکاوە ڕەتکراوەتەوە، چونکە پرۆژەکە بەلای ئیدارەی ئەمریکاوە گرژیی و ناکۆکی ناوچەیی لێدەکەوێتەوە. بۆیە هیچ دوور نییە لە ڕاستی کە بڵێین گونجاوترین بژاردەکان دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام ئەو بژاردانەش زۆر نین. ڕەنگە وڵاتانی بەرهەمهێنەری وەکوو سعوودیا و ئیمارات ئامادە نەبن بچنە ناو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووسیا، وە ئێرانیش ئامادە نییە بەبێ مسۆگەرکردنی خواستەکانی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی و گەڕانەوەی بۆ بازاڕی نەوت، لەگەڵ ئەمریکا ڕێك بکەوێت. توانای هەناردەکردنی گازی سروشتی قەتەریش، بەهۆی دووربوونی ئەو وڵاتە لە ئەوروپا و کێشە جیۆپۆلیتیکییەکان و کاتی پێویست بۆ ڕاکێشانی بۆریی گونجاو، بە چارەسەرێکی خێرا هەژمار ناکرێت. بۆیە لە ئایندەدا وەک یەکێک لە بژاردەکان، دەکرێت باس لە گازی سروشتی هەرێمی کوردستان بکرێت[٢]. هەڵبەت ئەمەش ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەی تەکنیکی وەک نەبوونی ژێرخانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و، کێشەی سیاسی وەک ناکۆکییەکانی هەرێم لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵیی دەبێتەوە.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، لە دەستپێکی ساڵی ٢٠٢٣ەوە کۆمپانیای دانە گاز بەرهەمهێنانی گازی سروشتی لە کێڵگەی کۆرمۆر بۆ ئاستێکی پێوانەیی بەرزکردنەوە و، گەیاندی بە (٥٠٠ ملیۆن پێ سێجا)ی ڕۆژانە. وەك ئەوەی دانە گاز دەیڵێت، پلانیان هەیە تا مانگی نیسانی ٢٠٢٣، ئاستەکە بگەیەننە (٧٠٠ ملیۆن پێ سێجا)ی ڕۆژانە. بەم پێیەش هەرێم لە توانایدا دەبێت هەناردەی گازی سروشتی بکات بۆ دەرەوە. وە بەپێی ڕاپۆرتێکی "ڕێکخراوی دۆر" هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئەو گازە سروشتییەی لە داهاتوودا بەرهەمی دەهێنێت، دەتوانێت بە نزیکەی (١٦%)ی پێداویستی گازی تورکیا دابین بکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێت بەشداری لە هەناردەکردنی گازی سروشتی بۆ ئەوروپا بکات لە ڕێگەی "ڕێڕەوی گازی باشور"(Southern Gas Corridor)[*] بە ڕێژەیی بەشداریی (٢٣%)[١].

(١) شەهریار شێخلەر، پێگە و ڕۆڵی نوێی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشەکانی وزە لە ئاستی هەرێمایەتیدا، ماڵپەڕی پێنووس، لەم لینکەوە بەردەستە: (https://2u.pw/0o27zG)، ڕێکەوتی سەردانیکردن (٣٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢).
(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(*) ڕێڕەوی گازی باشور؛ پرۆژەی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەوروپایە بە ئامانجی زیادکردن و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی دابینکردنی وزەی ئەوروپا. لە ڕێگەی گواستنەوەی گازی سروشتی وڵاتانی کەناری دەریای قەزوین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەوروپا، تاکوو لەم ڕێگەیەوە وابەستەبونی ئەوروپا بە گازی سروشتی ڕووسیا کەمبکرێتەوە. ئەم ڕێڕەوە لە چوار پرۆژە پێکدێت، ئەوانیش: کێڵگەی گازی سروشتی شاە دەنیز (Shah Deniz Project)، هێڵی بۆری باشوری قەوقاز (South Caucasus Pipeline)، هێڵی گازی سروشتی ترانس ئەنادۆڵ (TANAP) و بۆری ترانس ئەدریاتیک (Trans Adriatic Pipeline). بڕوانە:
The Southern Gas Corridor, Available at: (https://www.tanap.com/en/southern-gas-corridor),

دەکرێت بڵێین ڕێژەیەکی بەرچاو لەو گرنگیەی کە بە هەرێمی کوردستان دەدرێت لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی یەدەگی زۆری نەوت و گازی سروشتی لە سنوورەکەیدا. هەرئەمەشە وایکردووە ئەوروپاییەکان وەك سەرچاوەی وزە و پاراستنی ئاسایشی وزەی خۆیان سەیری بکەن. ئەمە سەرباری ئەوەی لای وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەرێمی کوردستان نزیکترین شوێنە لەنێوان ناوچە دەوڵەمەندەکان بە یەدەگی گاز لە ئەوروپاوە. بۆیە ئەگەرهاتوو پەرەپێدانی خێرا بە ژێرخان و توانانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان بکرێت، نەك تەنها دەتوانێت ببێتە هۆی دابینکردنی خواستی ناوخۆ، بەڵکوو دەتوانێت هەلی هەناردەکردنی گازی سروشتی بۆ بازارەکانی جیهان بۆ هەرێم بڕەخسێنێت.

**٢-٤ هێڵی تاناپ، وەک دەروازەی گرێدانی وەزی هەرێمی کوردستان بە وڵاتانی ئەوروپا:**

"تاناپ" (TANAP)هێمایە بۆ "هێڵی گازی سروشتی ترانس ئەنادۆڵ" (Trans-Anatolian Natural Gas Pipeline)، کە بوونێکی کردەیی هەیە. ئەگەرچی بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم هێڵە بۆ کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١١ دەگەڕێتەوە، کاتێک لێکتێگەیشتن لەنێوان کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی کۆماری ئازەربایجان و کۆمپانیای حکومی گواستنەوە و بازرگانیکردنی نەوت و گازی تورکیا بۆ بنیاتنانی ئەم هێڵە هەبوو. بەڵام لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٣، ئەو لایەنانەی کە وەبەرهێنان لە پرۆژەی پەرەپێدانی کێڵگەی گازی شاە دەنیزی دووەمی ئازەربایجان دەکەن بەمەبەستی هەناردەکردنی بۆ ئەوروپا ڕێکەوتننامەی کۆتاییان بۆ وەبەرهێنانیان لەو کێڵگە گازییەدا واژووکرد و، چوارچێوەی کار و سەرمایەگوزاریان لەو پرۆژەیەدا دیاری کرد، کە لەلایەن کۆمپانیاکانی "کۆریدۆری گازی باشور"، "بریتیش پێترۆڵم"ی بەریتانی، "سۆکار"ی ئازەری و "بۆتاش"ی تورکی ئەنجام دەدرێت و خاوەندارێتیش دەکرێت[٢]. ئەم ڕێکەوتنە هەنگاوی یەکەم بوو بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی نوێی پەرەپێدانی هێڵی باشوری قەوقاز کەلە ئازەربایجانەوە دەستپێدەکات و بە جۆرجیادا تێدەپەڕێ و دێتە خاکی تورکیا و بە هێڵی گازی سروشتی ترانس ئەنادۆڵ دەبەسترێتەوە تا دەگاتە سنووری یۆنان، لەوێشەوە بەهێڵێکی دیکە کە بە پرۆژەی "تاپ" (TAP) ناسراوە دەگوازرێتەوە بۆ ئیتالیا.

لە ١٢ی حوزەیرانی ٢٠١٨، بە ئامادەبوونی "ڕەجەب تەیب ئەردۆغان" سەرۆککۆماری تورکیا و "ئیلهام عالییێڤ" سەرۆککۆماری ئازەربایجان، ڕێورەسمی کردنەوەی پرۆژەی بۆری گازی تاناپ بەڕێوەچوو. لە میانی کردنەوەی ئەم هێڵە گازییەدا ئەردۆغان گوتی: "قەبارەی دەستپێکی ساڵانەی تاناپ (١٦ ملیار مەتر سێجا) گازی سروشتییە. کە (٦ ملیار مەتر سێجا)ی بۆ تورکیایە و، ئەوی دیکەی بە بڕی (١٠ ملیار مەتر سێجا)ی بۆ ئەوروپا دەگوازرێتەوە. وە ئامانجمان ئەوەیە قەبارەی تاناپ

Accessed: 8 January 2023.

(١) بڕوانە: ڕاپۆرتی ڕێکخراوی دۆر بۆ زانیاری نەوتی کوردستان بە ناونیشانی: سلێمانی؛ شانشینی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٥، ل٦.

(٢) بۆ زانیاری و وردەکاری زیاتر لەسەر "هێڵی گازی سروشتی تاناپ"، بڕوانە ماڵپەڕی فەرمی هێڵی تاناپ کە لەم لینکەوە بەردەستە: (https://www.tanap.com/en/)، ڕێکەوتی سەردانیکردن (١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣).

بگەیەنینە (٣١ ملیار مەتر سێجا)ی ساڵانە لە گازی سروشتی"[1]. لە ئێستادا سەرچاوەکانی گازی سروشتی بۆ ناو هێڵی تاناپ تەنها بریتییە لە کێڵگەی گازی شاە دەنیزی دووەم لە ئازەربایجان کە ئاستی بەرهەمهێنانی دەگاتە (١٦ ملیار م٣)، ئەمەش بڕێکی ئێجگار کەمە و، تەنها لە (٢٪)ی کۆی خواستی وڵاتانی ئەوروپایە بۆ گازی سروشتی. هەربۆیە دەکرێت بڵێین شاە دەنیز تاکە ئامانجی تۆڕی بۆرییەکانی ترانس ئەنادۆڵ نییە، بەڵکو بەدوای کۆمەڵێك سەرچاوەی دیکەی گازی سروشتی لە وڵاتانی سەر دەریای قەزوین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگەڕێت. هەر بۆ وێنە دەکرێت لە ئایندە بەرهەمی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان بە پرۆژەی تاناپەوە ببەسترێت، بۆ ئەم مەبەستەش لە ٢٥ی ئایاری ٢٠١٧، کۆمپانیای ڕۆزنەفتی ڕووسی ڕێککەوتنێکی لەگەڵ حکوومەتی هەرێم واژوو کرد بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی گازی سروشتی لە هەرێم. کۆمپانیای ناوبراو ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر دروستکردنی بۆرییەکی گازیی بۆ تورکیا بە توانای (٣٠ ملیار م٣)ی ساڵانە. هەر لەم چوارچێوەشدا لە ٢٦ی حوزەیرانی ٢٠١٨، لە شرۆڤەیەکی سیاسییدا گرووپی "ئینتەرفاکس" (Interfax) کە ئاژانسێکی هەواڵی گەورەی ڕووسییە، ڕایگەیاندبوو، ڕۆزنەفت چەند بژاردەیەکی لە بەردەمە بۆ ناردنەدەرەوەی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان بۆ بازاڕەکانی جیهان، بەڵام بەستنەوەی ئەو بۆرییەی گازییەی بەنیازە دروستی بکات بە هێڵی گازی سروشتی تاناپ باشترین بژاردەیە[2]. هەروەها بەپێی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی وزەی ئەمریکا، کەلە ٨ی ئەیلوولی ٢٠٢١ بڵاوکراوەتەوە، هەرێمی کوردستان تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٣٠ دەتوانێت بە نزیکەی (٤٠ ملیار م٣) گازی سروشتی لە ساڵێکدا بۆ بازاڕی جیهانی بەرهەمبهێنێت[3]. ڕەنگە ئەم ڕاپۆرتە ڕوویەکی گرنگی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان دەربخات بە ئاراستەی گرێدانی بە ئەوروپاوە لە ڕێگەی پرۆژەی بۆری گازی تاناپ.

کاتێك لەڕووی جوگرافییەوە سەیری نەخشەی بۆرییەکانی ترانس ئەنادۆڵ دەکەین، دەبینین هەرێمی کوردستان تەنها (٥٧٠ کیلۆمەتر) لە نزیکترین بنکەی بۆرییەکانی تاناپ لە ئەرزڕوومەوە دوورە. بۆیە بەستنەوەی گازی سروشتی هەرێم بە تۆڕی بۆرییەکانی ترانس ئەنادۆڵ تەنها پێویستی ڕاکێشانی بۆرییەکی نوێیە لە زاخۆوە بۆ ئەرزڕووم. بەمەش گازی هەرێمی کوردستان دەکرێت نزیکترین و پارێزراوترین سەرچاوەی گازی سروشتی بێت بۆ پرۆژەی تاناپ. بەمجۆرە نزیکی کوردستان لەم پرۆژەیە دەرفەتی ئەوەی بۆ هەرێم ڕەخساندووە، لە ڕێگەی بۆری ترانس ئەنادۆڵەوە جگە لە تورکیا بەرهەمی گازی سروشتی خۆی هەناردەی بازاڕەکانی جیهان بکات.

---

(١) ئەردۆغان: هێڵی گازی سروشتی تاناپ دەکەینەوە کە بە ڕێگەی ئاوریشمی وزە پێناسەمان کردووە، ئاژانسی ئانادۆڵ، لەم لینکەوە بەردەستە: (https://2u.pw/FpdNeL)، ڕێکەوتی سەردانیکردن (٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣).

(2) Interfax :Rosneft may tie in Kurdistan pipeline to TANAP, 26 June 2018, Available at: (https://2u.pw/r3LtbO), Accessed: 5 january 2023.

(3) Sardar Aziz, Iraqi Kurdistan Gas Resources: The Icarus Adventure, The Emirates Policy Center, 29 Aug 2022, Available at: (https://epc.ae/en/details/featured/iraqi-kurdistan-gas-resources-the-icarus-adventure#_ftn7), Accessed: 7 january 2023.

## ٣- ئاڵنگارییەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی وزەی وڵاتانی ئەورووپا:

بەرەوپێشبردنی زیاتری کەرتی وزەی کوردستان و، توندوتۆڵکردنی پەیوەندیی وزەی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی جیهان، دەتوانێت چەندین دەسکەوتی سیاسی، ئابووریی و سەربازیی بۆ هەرێمی کوردستان مسۆگەر بکات، بەڵام گەیشتن بەو ئامانجە ئاسان نییە و، پێویستە هەرێم بەربەستە یاسایی و سیاسیەکان لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوە تێپەڕێنێت. چونکە گومان لەوەدا نییە هەرێمی کوردستان لە بەردەم بەدەستهێنانی پێگەیەکی باشی وزە لە سیاسەتی جیهانییدا ئاستەنگی زۆری لە پێشە. هەر بۆیە ئێمەش لە سێ داواکراوی ئەم باسەدا دەمانەوێت تیشک بخەینە سەر ئاڵنگارییەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی وزەی وڵاتانی ئەورووپا. بەجۆرێک لە داواکراوی یەکەمدا باس لە ململانێی حیزبیی و نەبوونی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی دەکەین. لە داواکراوی دووەمدا تیشک دەخەینە سەر هەڵوێستی نەرێنی حکوومەتی فیدراڵ و بڕیاری دادگای فیدراڵیی باڵای عێراق لە بەرانبەر کەرتی وزەی هەرێم. لە داواکراوی سێیەم و کۆتایشدا قسە لەسەر ئاڵنگارییە دەرەکییەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی وزەی وڵاتانی ئەورووپا دەکەین.

### ٣-١ ململانێی حیزبیی و نەبوونی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی:

پێمان وایە نەبوونی دیدی هاوبەش و ململانێی حیزبیی بۆ کۆنترۆڵکردنی کەرتی وزەی هەرێم لەلایەک و، نەبوونی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی لەلایەکی دیکەوە، لە دیارترین کێشە ڕیشەییەکانی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستانن لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم، کە بووە بە ئاڵنگاری جددیی لە بەردەم گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی زیاتری ئەم کەرتە.

### ٣—١—١ نەبوونی دیدی هاوبەش و ململانێی حیزبی بۆ کۆنترۆڵکردنی کەرتی وزەی هەرێم:

ئاشکرایە دیدگا و تێڕوانینی هاوبەش لەلایەن تێکڕای حیزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان، لەمەڕ پرسێکی گرنگی وەک نەوت و گازی سروشتی هەرێم بەدی ناکرێت. ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو پارتی باڵادەست لە هەرێم _پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان_، سەرچاوەی زۆربەی گرفتەکان و جوڵێنەری گرنگترین ئاڵوگۆڕە ناوخۆییەکانی هەرێم بوون، هەر لە دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و توانا داراییەکانەوە تاکوو دوولەتکردنی جوگرافیای هەرێم و دووبارە یەکگرتنەوەیەکی لەرزۆك لەسایەی جۆریك لە دوو ئیدارەیی شاراوەدا[1]. مۆتەکەی ناکۆکییەکانی نێوانیشیان تاکوو ئێستا _شوباتی ٢٠٢٣_ بەردەوامە و ئەگەری قووڵبونەوەشی مەترسیدارترە، بەتایبەت لە نەبوونی دیدێکی ستراتیژیی هاوبەش بۆ کەرتی وزەی هەرێم. ڕوونیشە ئەم ناکۆکییانە هەر تەنها هەڕەشە لەسەر ئاسایشی ناوخۆیی هەرێمەکە ناکەن، بەڵکو هۆکاریشن بۆ نەبوونی یەك دیدی هاوبەش بۆ کێشە نیشتمانییەکان لە دەرەوەی هەرێم، وێڕای نەبوونی یەکڕیزی

(١) د. یوسف گۆران و ئەوانیتر، ئایندەی هەرێمی کوردستان لە بەردەم ئاڵنگارییەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا، ڕانانی ئایندەی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ژمارە (٧)، ئابی ٢٠٢٠.

لە بەردەم ئـاڵوگۆڕە دەرەکییەکانـدا، کە هەمیشـەی سـەرچاوەی هەڕەشـە و کـاریگەریی کوشـندەی هەرێمی و نێودەوڵەتیی بوون بۆ سەر قەوارە و بڕیاری سیاسی هەرێمی کوردستان[1].

لە سەرەتای وەبەرهێنان لە سامانی سروشتی ئەم هەرێمە و، بەهۆی ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشـتمانی وەک پێکهێنەرانـی سـەرەکی حکـوومەتی هەرێـم، کەرتـی وزە پرسـێک بـوو کەم تـا زۆر بە ڕێککەوتـن و هاوبەشـی هەردوولا بـووە و یەک دیـدگا بـوون لە بەڕێوەبردنییدا، بەڵام ئەم دیدگا هاوبەشە لە سەروەختی ئەگەری هەناردەکردنی گازی سروشـتیی بـۆ دەرەوە درزی تێکەوتووە. بۆیە لە ئێستادا یەکێک لەو گـرفتە سـەرەکییانەی کە هەردوو حیزبـی نێـو دەسەڵاتی هەرێمی لەیەک دوورتر خستۆتەوە، شێوازی بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گـازی سروشـتی هەرێمی کوردستانە.

نەوتـی و گـازی سروشـتی هەرێـم، بـوارێکی فراوانـی لە نـاکۆکی و ململانێکـانی نێـوان پـارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی داگیر کـردووە، چـونکە هەردوولایـان لەو ڕاسـتییە تێگەیشـتوون هەر لایەک دەست بەسەر کەرتـی وزەدا بگرێـت، ڕاسـتەوخۆ کەرتـی ئـابووری هەرێـم کـۆنتڕۆڵ دەکـات، ئەوەشی کەرتی ئابووری هەرێم مۆنۆپۆل بکات، ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەیش بێت کۆنتڕۆڵی نـاوەوە و دەرەوەی حکومڕانی هەرێم دەکات[2].

لە مـاوەی ڕابـردوودا پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان تـا ڕادەیەکـی زۆر کـۆنترۆڵی کەرتـی نەوتـی هەرێمـی کـردووە، بەمەش توانیـویەتی تـا ئاسـتێکی بەرز کـۆنترۆڵی ئـابووری هەرێـم و پەیوەنـدییە سیاسـی و دیپلۆماسـییەکانی کوردسـتان بکـات لە دەرەوە، لە نـاوەوەش پـێگەی خـۆی بە بەهێـزی بهێڵێتەوە بەراورد بە هێزەکانیتر. هەر بۆیە یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان نایەوێـت ئەو هەڵەیەی لە بواری کەرتی نەوتدا بەسەریدا تێپەڕی، لە وەبەرهێنـانی کەرتـی گـازی سرەشـتی هەرێمـدا دووبـارە ببێتەوە و، پارتی دیموکرات بە هەمان شێوەی دۆسییەی نەوت کۆنترۆڵی بکات، چـونکە بەشـی زۆری یەدەگـی گـازی سروشـتی هەرێـم و، کـێڵگە گەورەکـانی ئەم سـامانە دەکەوێـتە ئەو سـنورەی پێـی دەگوترێت ناوچەی سەوز[3]. دابەشکردنی کەرتی وزەی هەرێم بەسەر زۆنی زەرد و سەوز، دەرخەری ئەو ڕاستییە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیووە دۆسێیەی نەوت و گازی سروشتی هەرێم لە چوارچێوەی سیستەمێکی نیشتمانییدا بەڕێوەببات. بۆیە دەکرێت بڵێین نەبوونی یەک هەڵوێسـتی و گوتاری نیشتمانی هاوبەش لەلایەن حیزبە سیاسـیەکانی هەرێـم، لە بەرانـبەر بـوونی ململانێیەکـی حیزبیی توونـد بـۆ کـۆنترۆڵکردنی کەرتـی وزەی ئەم هەرێـمە لە نێـوان پـارتی دیمـوکرات و یەکێتـی نیشـتمانی، ئاڵنگـاری جـددیی و هەڕەشـەی گەورە دەبـن لەسـەر بە نیشـتمانی بـوونی ئەم کەرتە و، پێگەی ئایندەیی سامانی نەوت و گازی سروشـتی هەرێمـی کوردسـتان لە دابینکردنـی وزەی وڵاتـانی

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢) ڕاپۆرت: غازی هەرێم لە کێشمەکێشمی ئێران و تورکیادا، ماڵپەڕی درەو میدیا، لەم لینکەوە بەردەستە: (https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9956)، ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠ی کانونی دووەمی ٢٠٢٣).

(٣) د. وحيد انعام غلام الكاكائي، جيوسياسية النفط والغاز في اقليم كوردستان العراق والفواعل الاقليمية والدولية، مجلة ديالى للبحوث الانسانية، العدد (٨٦)، الجزء (٢)، آب ٢٠٢٠، ص٧٧٣.

ئەوروپا.

**٣—١—٢ نەبوونی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی:**

بێگومان دامەزراندنی کۆمپانیا نیشتمانییەکانی بواری نەوت و گازی سروشتی سوودێکی زۆری بۆ وڵات و هەرێمە نەوتییەکان لە دانانی بناغەی هاوکاریی و ئاڵوگۆڕی ئەزموون و زانیاری لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییە پێشکەوتووەکانی جیهان هەیە. ئەمە سەرباری ئەوەی ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکانی جیهان و باشتر جێبەجێکردنی ئەو گرێبەستانەش دەکات، جگەلەوەی ڕۆڵیشی لە بەرزکردنەوەی داهاتی وڵات و جێبەجێکردنی سیاسەت و ستراتیژییەتی وزەیی وڵات هەیە.

وەك زۆربەی وڵاتانی بەرهەمهێنەر و هەناردەکاری نەوت و گازی سروشتی، لە یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانیشدا هاتووە چوار کۆمپانیای نیشتمانی بۆ کەرتی وزەی هەرێم دادەمەزرێن. ئەوانیش[١]: یەکەم؛ کۆمپانیای کوردستانی بۆ دۆزینەوە و وەبەرهێنانی نەوت (KEPCO). دووەم؛ کۆمپانیای کوردستانی نیشتمانی نەوت (KNOC). سێیەم؛ کۆمپانیای کوردستان بۆ بە بازاڕکردنی نەوت (KOMO). چوارەم؛ کۆمپانیای کوردستان بۆ پرۆسەکانی پاڵاوتن و پاشکۆکانی (KODO).

پاشان پەرلەمانی کوردستان لە ١ی نیسانی ٢٠١٥ و، لە پێناو بە دامەزراوەیی کردنی کەرتی نەوت و گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان و، کۆکردنەوەی داهاتەکانی ئەم سامانە بە شەفافیەت. یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥، بە ناونیشانی "یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق" دەرکرد[٢]. کەلە شەش بەش و (١٦) ماددە پێکهاتووە.

بەڵام بە داخەوە تاکوو نوسینی ئەم توێژینەوەیە _شوباتی ٢٠٢٣_، سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان و هیچ یەکێک لەو چوار کۆمپانیایانەی کە ناومان هێنا دروست نەکراوە. کە دەکرا لە ڕێگەی دامەزراندنی ئەم سندوق و کۆمپانیا نیشتمانیانەوە مامەڵەیەکی فەرمی و تەندروستتر لەگەڵ گرێبەست و کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان بکرایە. ئەمە سەرباری ئەوەی پێمان وایە دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی لە هەرێم، هۆکارە بۆ ئەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و قەبارەی داهاتی کەرتی وزەی کوردستانی پێ زیادبکرێ و، متمانەی هاوڵاتیانیش بۆ ئەم کەرتە بگەڕێندرێتەوە لە ڕێگەی شەفافییەت و گەڕانەوەی سامانی نەوتی بۆ بەرژەوەندی گشتی. هەر بۆیە نەبوونی کۆمپانیای نیشتمانی تایبەتمەند بە نەوت و گازی سروشتی بە یەکێک لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان دەزانیین.

---

(١) بڕوانە: یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧، سەرچاوەی پێشوو، بڕگەی یەکەم لە ماددەکانی (١٠، ١١، ١٢ و١٣).

(٢) بۆ زانینی پێکهاتە، تایبەتمەندی، بەڕێوەبردن و ئەرکەکانی سندوقی کوردستان بڕوانە: یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥، "یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان لە هەرێمی کوردستانی—عێراق".

**٣-٢ هەڵوێستی نەرێنی حکومەتی فیدراڵ و بڕیاری دادگای فیدراڵی باڵا لەبەرانبەر کەرتی وزەی هەرێم:**

خاوەندارێتی و بەڕێوەبردن کەرتی وزە، چەقی ململانێی نێوان بەغدا و هەولێرە. هەر بۆیە هەڵوێستی نەرێنی حکوومەتی فیدراڵیی لە بەرانبەر پرۆسەی گرێبەست کردن لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان و دەرهێنانی نەوت و سەربەخۆ هەناردەکردنی لەلایەن حکوومەتی هەرێم لەلایەک و، بڕیاری دادگای فیدراڵیی باڵا لەمەڕ نادەستووری بوونی یاسای نەوت و گازی هەرێم لەلایەکی دیکەوە لەو ئاڵنگاریانەن کە دێنە بەردەم هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی وزەی وڵاتانی ئەوروپا.

**٣—٢—١ هەڵوێستی نەرێنی حکوومەتی فیدراڵیی لە بەرانبەر کەرتی وزەی هەرێم:**

کێشەی موڵکدارێتی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت لەنێوان حکوومەتی فیدراڵیی و هەرێم دەگەڕێتەوە بۆ کاتی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥، لە شێوازی داڕشتنی ئەو ماددانەی کە پەیوەستن بە خاوەندارێتی و ئیدارەدانی سێکتەری وزە و دەسەڵاتەکانی حکوومەتی فیدراڵیی و هەرێمەکان و، دواتریش لە کاتی نووسین و ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵیی لە ساڵی ٢٠٠٧، جیاوازیی تێڕوانینەکان زیاتر دەرکەوتن لەسەر ئەم پرسە، تا کار گەیشتە ئەوەی ڕەشنووسی جیا جیای پڕۆژە یاساکە بڵاو بکرێتەوە لەلایەن هەر دوو لاوە.

هەر لە دەستپێکەوە حکوومەتی فیدراڵیی هەوڵی بەدەستهێنانی ئیدارەکردنی نەوتی هەرێمی داوە، وە هەوڵیدەدا گشت کۆمپانیاکانی بیانی هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی حکوومەتی فیدراڵییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. لە بەرانبەردا حکوومەتی هەرێم هەوڵیدەدا بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە نەوت دەربهێنێ و بیفرۆشێت. لە ڕاگەیاندراوێکی وەزارەتی نەوتی عێراق کەلە ٢٦ی ئاياری ٢٠١٤ بڵاوکراوەتەوە، داوا لە حکوومەتی هەرێم دەکات داهاتە داراییەکانی چالاکی نەوتی چەند ساڵی ڕابردوو دیاری بکات و، پێشی وایە کرداری بە قاچاغ بردنی نەوتی بەرهەمهێنراو لە کێڵگەکانی هەرێم و ناردنەدەرەوەی بە هاوکاری تورکیا لە ڕێگەی بەندەری جیهانییەوە بەبێ ڕەزامەندی حکوومەتی فیدراڵیی ڕێگەیەکی نایاساییە[١].

بەمجۆرە دەکرێت بڵێین هەڵوێستی فەرمی حکوومەتی فیدراڵیی لەسەر کەرتی وزەی هەرێم بەوجۆرەیە کە داوا دەکات نەوتی هەموو کێلگەکانی هەرێمی کوردستان بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی فیدراڵی، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە بخرێتە بازاری دەرەوە، بەڵام هەرێمی کوردستان ئەمە بە پێشێل کردنی پرێنسیپی پێکهاتن و ماددەی دەستووری پەیوەندیدار بەم بوارە دەزانێت. هەر ئەمەشە وایکردووە کە کێشەی نەوت و گاز بە هەڵپەسێردراوی لە نێوانیاندا بمێنێتەوە. بەڵام لەو کاتەی هەڵوێستی نەرێنی حکوومەتی فیدراڵیی لەبەرانبەر کەرتی وزەی هەرێم دەچێتە

(١) سەعید سلیم محمدامین، دانووستانەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدرال بەپێی مۆدێلی ڕۆجەر فیشەر، ماستەرنامە، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، تەمووز ٢٠١٦، ل٨٢.

قۆناغی تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی لەسەر دۆسییەی وزەی هەرێم لە دادگاکانی ناوەوە و دەرەوەی عێراق، ئیدی هەڵوێستی نەرێنی حکوومەتی فیدراڵیی دەبێتە یەکێک لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی وزەی وڵاتانی ئەوروپا.

**٣–٢–٢ بڕیاری دادگای فیدراڵیی باڵا لە بەرانبەر کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان:**

هەروەک ئاماژەمان پێدا، حکوومەتی فیدراڵیی پێی وایە مامەڵەکردن بە نەوت و گازی هەرێم لە تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی فیدراڵییە و، بە پێچەوانەشەوە حکوومەتی هەرێم بە مافی خۆی دەزانێت ئەم سێکتەرە بەڕێوە ببات. ئەگەرچی چارەسەری ناکۆکییەکان لەسەر ئەم پرسە لە چەندین قۆناغدا بە ڕێککەوتنی سیاسی کراوە، بەڵام لەگەڵ هەناردەکردنی سەربەخۆیانەی نەوتی هەرێم کێشەکان چوونە قۆناغێکی ئاڵۆزترەوە، تاکوو کار گەیشتە ئەوەی حکوومەتی فیدراڵیی جووڵەی یاسایی بکات و، سکاڵا لە دادگای فیدراڵیی باڵای عێراق لە دژی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان تۆماربکات.

بەمجۆرە حکوومەتی فیدراڵیی عێراق لە ١ی ئابی ٢٠١٢، لە ڕێگەی "عەبدولکەریم لعێبی" وەزیری پێشووتری نەوتی عێراق سکاڵای دژی هەرێم پێشکەشی دادگای فیدراڵیی باڵا کرد، بە بیانووی ئەوەی حکوومەتی هەرێم ئەو نەوتەی بەرهەمی دەهێنێت ڕادەستی حکوومەتی فیدراڵیی ناکات و بەبێ ڕەزامەندی حکوومەتی عێراقی هەناردەی دەرەوەی دەکات. هەر لەم چوارچێوەیەدا داوایەکی دیکە لەلایەن "علی شەداد فارس" ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای بەسرە، لە ١٣ی ئەیلوولی ٢٠١٩ پێشکەش بە دادگای فیدراڵیی باڵا کرا، بە بیانووی ئەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان نادەستوورییە و، حکوومەتی هەرێم مافی گرێدانی گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان نیە. دوای تێپەڕبوونی دە ساڵ لە تۆمارکردنی یەکەم سکاڵا و، لە ڕۆژی سێشەممە ١٥ی شوباتی ٢٠٢٢ دادگای ناوبراو لەبارەی هەر دوو سکاڵای ژمارە (٥٥/ فیدراڵی/ ٢٠١٢) و سکاڵای ژمارە (١١٠/ فیدراڵی/ ٢٠١٩) کۆبوویەوە و، چوار بڕیاری لە دژی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان دەرکرد، کە بریتیبوون لە[1]:

١) یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، نادەستوورییە و پووچەڵدەکرێتەوە، چونکە پێچەوانەی ماددەکانی (١١٠، ١١١، ١١٢، ١١٥، ١٢١ و١٣٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقە بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

٢) پابەندکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕادەستکردنی تەواوی ئەو بەرهەمە نەوتییەی لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەوە دەردەهێنرێت بە حکوومەتی فیدراڵیی.

---

(١) بڕوانە: بڕیاری دادگای فیدراڵیی باڵای عێراق لەسەر سکاڵای ژمارە (٥٥/ فیدراڵی/ ٢٠١٢) یەکخراو لەگەڵ سکاڵای ژمارە (١١٠/ فیدراڵی/ ٢٠١٩) لە ڕێکەوتی ١٥ی شوباتی ٢٠٢٢، وەرگیراوە لە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگای ناوبراو بەم ناونیشانە: (https://www.iraqfsc.iq/krarid/59_fed_2012.pdf).

٣) سکاڵاکار دەتوانێت چاودێری پووچەڵبوونەوەی ئەو گرێبەستە نەوتییانە بکات کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنە بیانییەکان لە دەوڵەتان و کۆمپانیاکان بۆ دۆزینەوە و دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت و فرۆشتنی واژووی کردوون.

٤) پابەندکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەدان بە وەزارەتی نەوت و دیوانی چاودێری فیدراڵیی بە پێداچوونەوە بە سەرجەم گرێبەستە نەوتییەکان کە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت و گازەوە واژووکراوە، بەمەبەستی وردبینیکردنی و دیاریکردنی ئەو مافە داراییەی دەکەوێتە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە بەرانبەردا پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی فیدراڵیی دیارییکرێت.

دەکرێت بڵێین ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵیی بەهێزترین کارتی حکوومەتی فیدراڵییە لە چەند ساڵی ڕابردوودا دژ بە دۆسییەی نەوت و گازی سروشتی هەرێمی کوردستان. وە بەو پێیەی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیی باڵا؛ بنجبڕە[1] و، لە باڵاترین ناوەندی بڕیاری دادوەریی عێراقییەوە دەرچووە و قابیلی تێهەڵچوونەوە نییە، بۆیە دەکرێت لە ڕووی یاسایی و مەعنەوییەوە بڕیارەکە گورزێکی گەورە لە گرێبەستەکانی حکوومەتی هەرێم و ئایندەی مامەڵەی تاکلایەنە بە دۆسییەی نەوت و گازەوە بدات و، وا لە کۆمپانیاکانیش بکات هەڵوەستە بکەن و، وەبەرهێنان لە نەوت و گازی هەرێم ببێتە جۆرێك لە سەرکێشی بۆیان. بۆیە پێمان وایە ئەگەر حکوومەتی فیدراڵیی سوور بێت لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکەی دادگای باڵا بەبێ سازشکردن بۆ بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان، ئەوە هەرێم لەسەر ئاستەکانی ناوخۆ و هەرێمی و جیهانی ڕووبەڕووی کێشەیەکی جددی دەبێتەوە.

### ٣-٣ ئاڵنگارییە دەرەکییەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی وزەی وڵاتانی ئەوروپا:

لە یاسای نێودەولەتی و عورفی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا تاکوو ئێستا دەوڵەت سەنتەرە، دەوڵەت چەندە لاوازیش بێت لە ڕوانگەی سیاسەتی نێودەوڵەتی هەر بەهێزترە لە کیانێکی سیاسی ئایندە نادیار. وبەو پێیەی هەرێمی کوردستان تەنها هەرێمێکی فیدراڵە و، خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە. بۆیە ناکرێت پێمان وابێت بەبێ هیچ ئاستەنگێک دەتوانێت جێگای خۆی لە سیاسەتی وزەی جیهانییدا بکاتەوە. دەشێ دیارترین ئەو ئاڵنگارییە دەرەکییەنەی کە لەم چوارچێوەیەدا دێتە بەردەمی بریتیبێت لە بڕیاری دادگاکانی تەکساس و پاریس لە بەرانبەر کەرتی وزەی هەرێم، لەگەڵ ململانێی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی وزە.

#### ٣-٣-١ بڕیاری دادگاکانی تەکساس و پاریس لە بەرانبەر کەرتی وزەی هەرێم:

هەروەک لە تەوەرەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێدا، لە دوای سەربەخۆ هەناردەکردنی نەوتی خاوی هەرێم بۆ بەندەری جەیهان، کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر چوونە قۆناغێکی ئاڵۆزتر، بەجۆرێک حکوومەتی فیدراڵیی دوو جوولەی یاسایی لە ئاستی نێودەوڵەتی دژی کەرتی وزەی

(١) بڕوانە: دەستووری هەمیشەیی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥، ماددەی (٩٤).

هەرێمی کوردستان کرد، لە ڕێگەی تۆمارکردنی دوو سکاڵا لە دوو دادگای جیاواز.

جوولەی یاسایی یەکەم؛ لە ٢٩ی تەمووزی ٢٠١٤، بە ئاراستەی "دادگای ناوچەی باشوری تەکساس" (Texas Southern District Court) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو. لەو کاتەی وەزارەتی نەوتی حکوومەتی فیدراڵیی سکاڵایەکی یاسایی بە ژمارە (USDC No. 3:14-CV-249) لە دادگای ناوبراو تۆمارکرد، بە بیانووی ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە نایاسایی و بەبێ ڕەزامەندیی حکوومەتی فیدراڵیی، نەوت هەناردە دەکات و دەفرۆشێت. بۆیە لەم سکاڵایەدا داوای دەستبەسەراگرتنی نەوتی خاوی کەشتی "یونایتد کالاڤرڤتا" (United Kalavrvta) لە دادگای تەکساس کرد، کە بڕی زیاتر لە یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی خاوی هەرێمی کوردستانی هەڵگرتبوو بە مەبەستی گواستنەوەی لە بەندەری جەیهانەوە بۆ کەناراوەکانی گاڵڤێستۆن لە ویلایەتی تەکساس. دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێک بەسەر تۆمارکردنی ئەم سکاڵایە و، لە ڕێکەوتی ٢١ی ئەیلوولی ٢٠١٥، دادگای تێهەڵچوونەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا/ فەرمانگەی پێنجەم، بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی داوای حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دەستبەسەراگرتنی نەتی خاوی کەشتی کالاڤرڤتا(١). واتە دادگای ناوبراو لە بەرژەوەندی وەزارەتی نەوتی حکوومەتی فیدراڵیی عێراق بڕیاری لەسەر سکاڵاکە دا.

جوولەی یاسایی دووەم؛ بە ئاراستەی "دادگای نێوبژیوانیکردن لە ژووری بازرگانی نێودەوڵەتی لە پاریس" (ICC) کرا، کەلە ڕێگەی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق داوایەکی یاسایی لە دادگای ناوبراو لە ئایاری ٢٠١٤ تۆمارکرا. کە تێیدا حکوومەتی تورکیا تۆمەتبار دەکات بەوەی بەبێ ڕەزامەندیی حکوومەتی عێراق ڕێگەی بە هەرێم داوە لە ڕێگەی بۆریی ڕۆشتوو بەناو خاکی تورکیا نەوت هەناردەبکات(٢). ئەگەرچی تاکوو ئێستا بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەم پرسە نەدراوە لەلایەن دادگای ناوبراوەوە، بەڵام لە ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی نەوتی فیدراڵییدا لە ڕیکەوتی ١٥ی تەمووزی ٢٠٢٢، لەسەر ئەم سکاڵایە دەڵێت: "عێراق لە بەدەستهێنانی مافە یاساییە مێژووییەکانی بۆ بەڕێوەبردنی هەموو چالاکییە نەوتییەکان نزیکدەبێتەوە و، پێشبینی دەکەین لە چەند مانگی ئایندەدا دادگا بڕیاری کۆتایی خۆی لە بارەی پێشێلکردنی ڕیکەوتنێک لەلایەن تورکیاوە دەربکات"(٣).

لەگەڵ ئەوەی دۆسییەی پاریس لایەنی سەرەکی تێیدا عێراق و تورکیایە، بەڵام لە حاڵەتی دەرچوونی بڕیاری دادگا لە بەرژەوەندی هەر یەکێک لەو دوو دەوڵەتە لێکەوتەکەی ڕاستەوخۆی

(1) See more: Decision of United States Court of Appeals for The Fifth Circuit, No. 15-40062, Date Published: 21 September 2015, Available in: (http://www.ca5.uscourts.gov/opinions%5Cunpub%5C15/15-40062.0.pdf), Accessed: 24 January 2023.

(٢) یادگار سدیق گەلاڵی، سێکتەری نەوت لە نێوان هەرێم و بەغدا، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە (١٥)، ساڵی سێیەم، کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢، ل١٤.

(٣) بيان وزارة النفط الاتحادية: العراق يقترب من حيازة حقوقه التاريخية القانونية في إدارة كامل النشاط النفطي، متاح على هذا الرابط: (https://www.kitabat.info/print.php?id=170585)، تاريخ الزيارة (٢٣ كانون الثاني ٢٠٢٣).

لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە. بە گشتی واچاوەڕوان دەکرێت حکوومەتی فیدراڵیی داواکە بباتەوە، ئەوکاتە تورکیا ناچارە بچێتە ژێر باری داخوازییەکانی دەوڵەتی عێراق، بەمەش هێڵی وزەی کوردستان-جەیهانی تورکیا لە پەکخستن نزیک دەبێتەوە، لە دۆخێکی لەم جۆرەشدا هەرێم ناچار دەکرێت بچێتەوە بۆ بەغدا و، عێراقیش چۆنی بوێ ئاوا مامەڵە بە هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی کوردستانەوە دەکات. وە ئەگەریش تورکیا داواکە بباتەوە ئەوا هەرێم دووبارە زیان دەکات، چونکە دەیان هێندەییتر دەستوەردانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێت. لە هەمانکاتدا بەغدا دەتوانێت ئەو نەوتەی کەلە ڕێگەی تورکیاوە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بەبێ ڕەزامەندیی بەغدا دەنێردرێتە بازاڕەکانی جیهان، وەکوو نەوتێکی قاچاخ ڕابگەیەنێت و ئەو لایەنەی کە نەوتەکە دەکڕێت، تۆمەتبار بکرێت بە کڕینی نەوتی قاچاخ. ئەمەیش لەوانەیە گوشاری زیاتر بۆ سەر تورکیا و هەرێمی کوردستان دروست بکات و، لە ئەنجامیدا نەتوانرێ نەوتی هەرێمی کوردستان وەك پێویست بفرۆشرێت و کێشەی قووڵ بۆ بەبازاڕکردنی نەوتی هەرێم دروست ببێت[١].

بەگشتی ئەم دوو جوڵە یاساییە دەرخەری ئەوەیە کە عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی توانای گوشارکردنی هەیە لەسەر کەرتی وزەی هەرێم و، هەنگاوی جددیشی ناوە لەم بارەیەوە. کە بێگوومان ئەم جوڵە و هەنگاوانەی حکومەتی فیدراڵیی، بەربەست و ئاڵنگاری گەورە بۆ هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی وزەی وڵاتانی ئەوروپا دروست دەکات.

### ٣-٣-٢ ململانێی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی وزە:

ئەگەرچی هەناردەکردنی نەوت و گازی سروشتی مافی هەر کیانێکە کە خاوەنی بێت، بەڵام بەهۆی گۆڕانی هاوکێشە سیاسییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا و پرسی دابنیکردنی سەرچاوەی نوێی وزە بۆ ئەوروپا، وایکردووە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کاڵایە ڕەهەندێکی جیهانی وەربگرێت. بۆیە پێمان وایە یەکێکتر لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم کەرتی وزەی هەرێم بریتییە لە ململانێی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی وزە لە ناوچەکە. وە بێگومان سەرەکیترین ئەکتەر لەسەر شانۆی ئەم دۆسییەش بریتییە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کۆماری ڕووسیای فیدراڵ، شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا، کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ، کۆماری فەرەنسا، کۆماری چینی میللی، ژاپۆن، کۆماری ئیسلامی ئێران و کۆماری تورکیا. کە ململانێ و کێبڕکێ توووند بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی وزە دەکەن و، ئامراز و کەرەستەی جیاوازیش بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەیان بەکاردەهێنن.

لە ڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە نەوت و گازی سروشتی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە نێوان سێ حەوزەی جیاوازی وزە، ئەوانیش بریتیین لە: یەکەم، حەوزەی قەزوین لە ڕۆژهەڵات و باکوری

(١) د. موەفەق عادل عومەر، تورکیا و بڕیاری دادگەی باڵای فیدراڵی لە هەمبەر پرسی نەوت و غاز، ماڵپەڕی پێنووس، لەم لینکەوە بەردەستە: (http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1940-2022-03-22-16-59-34)، ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣).

ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان، کە بە زۆری ڕووسیا و ئێران و ئازەربایجان تێیدا ڕۆڵ ئەگێڕن؛ دووەم: حەوزەی دەریای سپی ناوەڕاست لە باکوری ڕۆژئاوای هەرێم، کە هەر یەکە لە میسر و قوبرس و ئیسرائیل پێکەوە نەوت و گازی سروشتی تێدا بەرهەمدەهێنن و، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بەرگرییان لێ دەکات؛ سێیەم، حەوزەی کەنداوی عەرەبی لە باشوری هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی ئەم حەوزەیە لای ئێرانییەکان بە کەنداوی فارس ناوزەند دەکرێت و، دەیانەوێت هەیمەنەی تەواوەتی لەسەر بکەن، بەڵام بەراورد بە دوو حەوزەکەی دیکە کراوەترە بۆ دەستێوەردانی وڵاتان و، هەریەکە لە ئەمریکا و چین دەیانەوێت ڕۆڵیان لە کۆنترۆڵکردنی وزەکەیدا هەبێت(١). بەگشتی دەکرێت بڵێین هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیکیی وزەی هەرێمی کوردستان وایکردووە مامەڵە کردن لەگەڵ کەرتی وزەی هەرێم و بڕیاردان لەسەری، تەنها ڕەهەندێکی ناوخۆیی نەبێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕەهەندێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی وەرگرتووە و، دوو بەرەی زلهێزی جیهانی و هەرێمی دژ بەیەک لە ململانێی تووندان بۆ کۆنترۆڵکردنی، ئەوانیش:

بەرەی یەکەم، کە خۆی لە وڵاتانی ئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، تورکیا و هاوپەیمانەکانیان دەبینێتەوە بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پێیان وایە نەوت و گازی سروشتی هەرێمی کوردستان هێڵی سوری ئیدارەی کۆشکی سپی و هاوپەیمانەکانێتی و، کۆنترۆڵکردنی لەلایەن هێزەکانی دیکەوە قبوڵکراو نییە(٢). هەر وەک لە نامەی "مایکڵ واڵتز" (Michael Waltz)، "دینا تیتوس" (Dina Titus) و "دۆوگ لامبۆرن" (Doug Lamborn)، ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا بۆ "ئەنتۆنی بلینکن" (Antony Blinken)، وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەیان لە ١٨ی ئابی ٢٠٢٢، هاتووە: "ناوەندی پەرەپێدانی دارایی ئەمریکا، بڕی ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری بە کۆمپانیا ئەمریکییەکان داوە بۆئەوەی هاوکاربن لە پێشخستنی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان"(٣). هەروەها لەو نامەیەدا باس لەوە کراوە کە دەکرێت گازی سروشتی هەرێمی کوردستان هەناردەی عێراق، تورکیا و باشووری ئەوروپا بکرێت، بۆ ئەوەی دەستبەرداری گازی ئێران و ڕووسیا بن. هەر بۆیە ئەم سێ کۆنگرێسمانە هۆکاری هێرشی ئێران بۆ سەر هەولێر لە ١٣ی ئازاری ٢٠٢٢، بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە ئێران فرۆشتنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان وەکوو هەڕەشە بۆ سەر بازاڕی دەرەکی وزەی خۆی سەیر دەکات(٤). ناوەڕۆکی ئەم نامەیە ئەوە دەردەخات کە وزەی هەرێمی کوردستان بەگشتی و گازە سروشتییەکەی بە تایبەتی بۆ ئەمریکییەکان گرنگە، چونکە کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی وزە لە پێناو بەڕێوەبردنی بازاڕی وزەی جیهانی، یەکێکە لە ستراتیژیەتی وزەی ویلایەتەیەکگرتووەکانی

(١) وليد خدوري، الطاقة والجغرافيا السياسية لغاز شرق المتوسط، مؤسسة الدراسات الفلسطينية، بيروت، ٢٠١٩، ص٢٩.

(٢) دیپلۆماتیک: سەردانەکەی مەکگرۆک ئاگری لە عێراق بەردا، ماڵپەڕی دیپلۆماتیک، لەم لینکەوە بەردەستە: (https://diplomaticmagazine.net/detail/11161)، ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢ی شوباتی ٢٠٢٣).

(2) See more: Letter by Michael Waltz, Dina Titus And Doug Lamborn To Antony Blinken, Washington DC 20520, August 18, 2022, Available in: (https://2u.pw/JteY1N), Accessed: 3 February 2023.

(3) Ibid.

ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. سەردانی "برێت مەکگورک" (Brett McGurk)، نێردەی سەرۆکی ئەمریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا، لەگەڵ "ئامۆس هۆکستین" ( Amos Hochstein)، ڕێکخەری تایبەتی سەرۆکایەتی ئەمەریکا بۆ ژێرخانی جیهانی و ئاسایشی- وزە، لە ١٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ بۆ هەرێم هەر بۆ دووپاتکردنەوەی بەردەوامی ئەم ستراتیژیەتەیە و، نایانەوێت کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان لەلایەن وڵاتانی بەرەی دووەمەوە کۆنترۆڵ بکرێت، چونکە پێیان وایە هەرلایەنێکی دژ بە بەرەی ئەمریکا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی وزەی هەرێم بدات، هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەی دەبێت بۆ سەر ئاسایشی وزە و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی.

لە بەرانبەردا بەرەی دووەم کە خۆی لە وڵاتانی ڕووسیا، ئێران و هاوپەیمانەکانییان دەبینێتەوە بە سەرکردایەتی کۆماری ڕووسیای فیدراڵ، وا بە ئاسانی ڕێگەنادەن گازی سروشتی هەرێمی کوردستان ببێتە جێگرەوەی گازی ئێران بۆ عێراق و تورکیا و، جێگرەوەی گازی سروشتی ڕووسیا بۆ وڵاتانی ئەوروپا. ئەوە ڕوونە پێگەی وزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هۆکاری گرنگیدانی ڕووسیایە بەم ناوچەیە. چونکە ڕووسیا وەك ناوەندی بەرهەمهێنانی وزە سەیری وڵاتانی ئەم ناوچەیە دەکات و، لە پێناو زامنکردنی بەرژەوەندییەکانی و ڕێکخستنی کێبڕکاریەکانی گازی سروشتی لە بازارەکانی جیهان، پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرپێدەدات[1]. لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە هاتنە ناوەوەی ڕووسیا بۆ ململانێ سیاسی و سەربازییەکانی ناو سوریا جەختکردنەوەیە لە ئامادەی ڕووسیا لە ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پێناو پاراستنی هێڵەکانی گواستنەوەی نەوت و گازی سروشتی بۆ سەر دەریای سپی ناوەڕاست و فرۆشتنی بە بازاڕەکانی جیهان، ئەمە هاوتەریبە لەگەڵ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە کەرتی وزەی کوردستان بە ئامانجی گواستنەوەی بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا[2]. تێکرای ئەم دۆخە دیمەنی ململانێیەکی تووندی ناوەندە گەورەکانی بڕیار لەسەر وزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وێنادەکات و، دۆخێکی وا دروست دەکات کە ئەم ناوچەیە ببێت بە ناوچەی ململانێی گەورە، کە ئامانج لێی دەستبەسەراگرتنی سەرچاوەکانی وزەیە. ئەم بەرەیە بە گشتی و، لە نێویدا ڕووسیا و ئێران بەتایبەتی، لە دژی پرۆژەی گواستنەوەی گازی سروشتی هەرێمی کوردستانن بۆ بازاڕەکانی جیهان، چونکە ئەوە بە هەڕەشە بۆ سەر پێگەی خۆیان لە دابینکردنی گازی سروشتی وڵاتانی جیهان دەزانن. هەر بۆیە کار لەسەر ئەوە دەکەن کە هەرێمی کوردستان نەبێتە جێگرەوەی گازی سروشتی ڕووسیا و ئێران بۆ وڵاتانی ئەوروپا. پاڵپشت بۆ ئەم بۆچوونەی خستمانەڕوو دەبینین لە لێکۆڵینەوەیەکی "پەیمانگای ئۆکسفۆرد بۆ توێژینەوەی وزە" (Oxford Institute for Energy Studies)ـیشدا هاتووە؛ سەرباری ئەوەی هەرێمی کوردستان گازی سروشتی زۆری هەیە، بەڵام فاکتەرە سیاسییەکان ڕێگرن لەوەی لە

---

(١) ژیلیا شێرزاد اسماعیل، ستراتیجی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: قەیرانی سوریا وەك نموونە، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، ٢٠١٧، ل١٣٤.

(٢) دارا جەمال، گرنگی وزە و ستراتیژی ململانێکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئینستیتیوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، حوزەیرانی ٢٠١٧، ل٣.

چەند ساڵی داهاتوودا پێشکەوتن لەو ڕووەوە بهێنرێتەدی، چونکە پەیوەستبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە کۆمپانیاکانی نەوت و گازی ڕووسیاوە ڕەنگە ببێتە بەربەست لە بەردەم بیرۆکەی برۆکسل سەبارەت گواستنەوەی گازی سروشتی هەرێم بۆ ئەوروپا لە ڕێگەی ڕێڕەوەکانی گازی باشور لە نموونەی هێڵی تاناپ و بۆری نابۆکۆ[١].

لە کۆتاییدا، دەکرێت بڵێین کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان تەنها لە نێوخۆدا ناکۆکی و، لەگەڵ بەغداد بارگرژی دروست نەکردوە، بەڵکو بووە بە خاڵی ناکۆکی لەنێوان زلهێزەکانی جیهان. لە دوای لەشکرکێشی ڕووسیاش بۆ سەر ئۆکراینا، هەناردەکردن و فرۆشتنی گازی سروشتی هەرێم بەراورد بە نەوت زەحمەتتر بووە. ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین، گازی کوردستان دەبێتە یەکێک لە سەرچاوەکانی گازی تورکیا و ئەوروپا، ئەوا ڕاستەوخۆ هەڕەشەیە بۆ سەر پێگەی وزەی ئێران و ڕووسیا. بە پێچەوانەشەوە کۆنترۆڵکردنی لەلایەن ڕووسیاوە مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی وزە و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی. کەواتە بۆ ئەوەی کوردستان گازەکەی بفرۆشێت و ببێتە خاوەن پێگەیەکی گەورە لە بازاڕی گاز، پێویستی بە پشتگیری جددیی وڵاتانی هەردوو بەرەکە هەیە. وە زۆر گرنگە بۆ هەرێم ببێتە پردی پەیوەندی نەک گۆڕەپانی ململانێی گازی سروشتی، لەم پێناوەشدا دەبێت هاوسەنگییەک لەنێوان سیاسەتی وزە و داخوازی هەردوولا بەگشتی و، ئەمریکا و ڕووسیا بەتایبەتی ڕابگرێت. بەڵام بە تێڕوانینی ئێمە، تاڕادەیەک کارێکی زەحمەتە بۆ هەرێمی کوردستان، کە ئەو توانایەی هەبێت ئەو باڵانسە دروست بکات.

---

(1) Simon Pirani, Let’s not exaggerate: Southern Gas Corridor prospects to 2030, Oxford Institute for Energy Studies, July 2018, DOI: (https://doi.org/10.26889/9781784671167).

## بەرئەنجام:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، توێژەر گەیشتووە بە چەند دەرئەنجامێک، گرنگترینیان ئەمانەن:

١) دەوڵەمەندی هەرێمی کوردستان بە سەرچاوەکانی وزە، گۆڕەپانێکی ململانێی بۆ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان لە هەرێم دروستکردووە، بە جۆرێك هاتنی کۆمپانیا ئەوروپی و ئەمریکییەکان، وای کردووە کۆمپانیا ڕووسیەکانیش بوونیان لەم هەرێمە هەبێت، یان ڕۆڵی تورکیا وای کردووە، ئێرانیش بیەوێت ڕۆڵی لە بواری نەوت و گازی سروشتی هەرێم هەبێت و ئەم گۆڕەپانە بەتەنها بۆ تورکیا بە جێ نەهێڵێت.

٢) کاریگەری ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە سیاسەتی جیهانییدا زیاتر بەهۆی هەبوونی سەرچاوە سروشتییەکانیانە، حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لەو گریمانەیە بەردەر نییە. هەر بۆیە دەبینیین کەرتی وزە بەشێکی سەرەکی لە چالاکتربوونی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتان پێکدەهێنێت. چونکە نەوت و گازی سروشتی وەک چۆن لە پەیوەندییە ئابوورییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، بە هەمان شێوە یەکێکە لە پایە کاریگەرەکان کە پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانیش ئاڕاستە دەکات.

٣) ڕێژەیەکی بەرچاو لەو گرنگیەی کە بە هەرێم دەدرێت لەلایەن وڵاتانەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی یەدەگی زۆری نەوت و گازی سروشتی تێیدا. بۆیە ئەگەرهاتوو پەرەپێدانی خێرا بە ژێرخان و توانانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان بکرێت، نەك تەنها دەتوانێت ببێتە هۆی دابینکردنی خواستی ناوخۆ، بەڵکوو دەتوانێت هەلی هەناردەکردنی گازی سروشتی بۆ بازارەکانی جیهان بۆ هەرێمی کوردستان بڕەخسێنێت.

٤) هێڵی گازی سروشتی ترانس ئەنادۆڵ لە چوارچێوەی پڕۆژەکانی بەدیهێنانی ڕێڕەوی گازی باشور، بەرلەوەی ئابووریی بێت پڕۆژەیەکی سیاسییە، ئەگەر هەرێم گازی سروشتی لە ڕێگەی ئەم هێڵەوە بنێرێتە ئەوروپا قۆناغێکی گەورە دەبڕێت، چونکە هەناردەکردنی گازی سروشتی هەرێم لە ڕێگەی پڕۆژەی تاناپ بۆ دەرەوە، ئابووریی هەرێم تێکەڵکێش دەکات لەگەڵ ئابووریی جیهان و، لە ڕووی سیاسییەوە پێگەی هەرێم لە سیاسەتی جیهانییدا بەهێز دەکات.

٥) پێمان وایە هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی وزەی وڵاتانی ئەوروپادا ئاستەنگ و ئاڵنگاری ناوخۆیی و دەرەکیی زۆری لە پێشە. لە دیارترینیشیان ڕەنگە نەبوونی دیدی هاوبەش، ململانێی حیزبیی بۆ کۆنترۆڵکردنی کەرتی وزەی هەرێم، نەبوونی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی، هەڵوێستی نەرێنی حکوومەتی فیدراڵ، بڕیاری دادگای فیدراڵیی باڵا لە بەرانبەر کەرتی وزەی هەرێم وەک ئاڵنگاری ناوخۆیی وێنا بکرێت. وە بڕیاری دادگاکانی تەکساس و پاریس لە بەرانبەر کەرتی وزەی هەرێم و، ململانێی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی وزە وەک ئاڵنگاری دەرەکی خۆی بنوێنێت.

## ليستى سەرچاوەكان:

➢ سەرچاوەكان بە زمانی كوردی:

— یاسا وبڕیارەكان:

١) بڕیاری دادگای فیدراڵیی باڵای عێراق لەسەر سكاڵای ژمارە (٥٥/ فیدراڵی/ ٢٠١٢) یەكخراو لەگەڵ سكاڵای ژمارە (١١٠/ فیدراڵی/ ٢٠١٩) لە ١٥ی شوباتی ٢٠٢٢.
٢) دەستووری هەمیشەیی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.
٣) یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٠٧، یاسای وەزارەتی سامانە سروشتییەكانی هەرێمی كوردستان.
٤) یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥، یاسای سندوقی كوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەكان لە هەرێمی كوردستان.
٥) یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧، یاسای نەوت و گازی هەرێمی كوردستان.

— كتێب:

٦) د. سەردار عەزیز، حكومەت و سامانی سروشتی لە هەرێمی كوردستان، الدار العربیة، بیروت، ٢٠١٣.
٧) دەیڤید فلیپس، بەهاری كوردی: نەخشەیەكی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێڕانی: سیروان حسێن بیەیی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، هەولێر، ٢٠١٦.
٨) ڕێبین فەتاح، هێزی كاری نەوت لە كوردستان و عێراق، چاپخانەی ئازادی، هەولێر، ٢٠١٧.
٩) سەروەر حەمە ئەحمەد، كوردستان لە ستراتیژیەتی ڕۆژئاوادا، دەزگای فام، هەولێر، ٢٠٢٠.
١٠) شاڵاو عەبدولخالق محەممەد، دیبلۆماسیەتی خوێنی ڕەش، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠١٧.
١١) یوسف بەرزنجی، چارەنووسی كورد پترۆڵ وەك مەسەلەیەكی ستراتیژی، چاپخانەی كمال، ٢٠١٣.

— نامەی زانكۆیی:

١٢) چنار بابكر محمد، كاریگەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی هەرێمی كوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، ماستەرنامە، كۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەكان، زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر، ٢٠١٥.
١٣) ژیلیا شێرزاد اسماعیل، ستراتیجی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: قەیرانی سوریا وەك نموونە، كۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەكان، زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر، ٢٠١٧.
١٤) سەعید سلیم محمدامین، دانووستانەكانی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی عێراقی فیدرال بەپێی مۆدێلی رۆجەر فیشەر، ماستەرنامە، كۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەكان، زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر، ٢٠١٦.
١٥) صباح لطیف محمد، پەیوەندییە ڕامیارییەكانی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و دەوڵەتی توركیا و كاریگەری لەسەر ئابووری هەرێم: توێژینەوەیەک لە جوگرافیای ڕامیاریدا، ماستەرنامە، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٢٣.
١٦) هێمن ئەحمەد شەریف، گازی سروشتی هەرێمی كوردستان: لێكۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای سیاسی، ماستەرنامە، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٢٠.

– گۆڤار و ڕاپۆرت:

١٧) د. کامەران احمد محمدامین، نەوت و داڕشتنەوەی پەیوەندییە هەرێمایەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گۆڤاری یاسا و ڕامیاری، ژمارە (٢١)،ساڵی پازدەهەم، حوزەیرانی ٢٠١٧.

١٨) د. هاوڕێ مەنسور بەگ، نەوتی کوردستان یەکەم پێگەی دەوڵەتی کوردستان؟، گۆڤاری شرۆڤە، ژمارە (٢٥)، هاوینی ٢٠١٧.

١٩) د. یوسف گۆران و ئەوانیتر، ئایندەی هەرێمی کوردستان لە بەردەم ئاڵنگارییەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا، ڕانانی ئایندەی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ژمارە (٧)، ئابی ٢٠٢٠.

٢٠) دارا جەمال، گرنگی وزە و ستراتیژی ململانێکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئینستیتیوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، حوزەیرانی ٢٠١٧.

٢١) ڕاپۆرتی ڕێکخراوی دۆر بۆ زانیاری نەوتی کوردستان بە ناونیشانی: سلێمانی؛ شانشینی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٥.

٢٢) یادگار سدیق گەلاڵی، سێکتەری نەوت لە نێوان هەرێم و بەغدا، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە (١٥)، ساڵی سێیەم، کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢.

– ماڵپەڕ:

٢٣) دانە گاز: کێڵگە گازییەکانی کۆرمۆر و چەمچەماڵ لە ڕیزبەندی گەورەترین کێڵگە گازییەکانی عێراقن، ماڵپەڕی فەرمی دانە غاز: (https://www.danagas.com/operations/kri/)

٢٤) د. موەفەق عادل، تورکیا و بڕیاری دادگەی باڵای فیدراڵی لە هەمبەر پرسی نەوت و غاز، ماڵپەڕی پێنووس: (http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1940-2022-03-22-16-59-34)

٢٥) شەهریار شێخلەر، پێگە و ڕۆڵی نوێی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشەکانی وزە لە ئاستی هەرێمایەتیدا، ماڵپەڕی پێنووس: (https://2u.pw/0o27zG)

٢٦) قوباد تاڵەبانی؛ هەرێمی کوردستان دەتوانێت بارگرانی قەیرانی گاز لە چەندین ناوچەی جیهان چارەسەر بکات، ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان: (https://2u.pw/pEGozR)

٢٧) ئەردۆغان: هێڵی گازی سروشتی تاناپ دەکەینەوە کە بە ڕێگەی ئاوریشمی وزە پێناسەمان کردووە، ئاژانسی ئانادۆڵ: (https://2u.pw/FpdNeL)

➢ سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

– الكتب:

٢٨) مايكل كلير، دم و نفط، ترجمة: أحمد رمو، دار الساقي، بيروت، ٢٠١٢.

– رسائل الجامعية:

٢٩) أيمن حبيبة، الإتحاد الأوروبي و دوره في تحقيق التكامل الإقتصادي، رسالة الماجستير، كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية، جامعة العربي التبسي-تبسة، الجزائر، ٢٠١٦.

٣٠) كاوان إسماعيل إبراهيم، عقود التنقيب عن النفط وإنتاجه، رسالة دكتوراه، كلية القانون والسياسة، جامعة صلاح الدين-أربيل، ٢٠٠٩.

- المواقع الالكترونية:

٣١) بيان وزارة النفط الاتحادية: العراق يقترب من حيازة حقوقه التاريخية القانونية في إدارة كامل النشاط النفطي، متاح على هذا الرابط: (https://www.kitabat.info/print.php?id=170585)

➢ سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:

- Documents:

32) Decision of United States Court of Appeals for The Fifth Circuit, No. 15-40062, Date Published: 21 September 2015.
33) European Commission, Communication from the Commission to the European Parliament and the Council: European Energy Strategy, Brussels 28 May 2014.
34) International Energy Agency, World Energy Outlook 2013 and Global energy trends to 2035, 12 November 2013.
35) Letter by Michael Waltz, Dina Titus And Doug Lamborn To Antony Blinken, Washington DC 20520, August 18, 2022.

- Books:

36) Tim Boersma, Energy Security and Natural Gas Markets in Europe: Lessons from the EU and the United States, 1st Edition, Routledge, London, 2015.

- Researches:

37) Lisa Pick, EU-Russia energy relations: a critical analysis, POLIS Journal, Vol. 7, Summer 2012.
38) Sardar Aziz, Iraqi Kurdistan Gas Resources: The Icarus Adventure, The Emirates Policy Center, 29 Aug 2022.
39) Simon Pirani, Let’s not exaggerate: Southern Gas Corridor prospects to 2030, Oxford Institute for Energy Studies, July 2018.

- Reports:

40) Crisis Group, Oil for Soil: Toward a Grand Bargain on Iraq and the Kurds, Middle East Report No (80), 28 October 2008.
41) Report from the European Commission to The European Parliament On security of energy supply and international cooperation - "The EU Energy Policy: Engaging with Partners beyond Our Borders", (Sec (2011) 1022 Final) &

(Sec (2011) 1023 Final), Brussels 07 September 2011.

42) Robin Mills, Under the Mountains: Kurdish oil and regional politics, Oxford Institute for Energy Studies, Oxford, January 2016.

– Websites:

43) Guy Chazan, An Ocean of Reserves Waiting to Be Tapped, Financial Times: 09 December 2012, Available at: (https://www.ft.com/content/d93421e8-3ef7-11e2-9214-00144feabdc0).
44) Interfax :Rosneft may tie in Kurdistan pipeline to TANAP, 26 June 2018, Available at: (https://2u.pw/r3LtbO).
45) Iraq Business News, Conference Highlights Significance of Kurdistan Oil for West, 14th February 2011, Available at: (https://2u.pw/qcOdzY).
46) Kurdistan Regional Government, Ministry of Natural Resources, Policies and Strategies, 27 January 2018, Available at: (https://gov.krd/mnr-en/publications/policies/).
47) Kurdistan Regional Government, Ministry of Natural Resources, Vision, 27 January 2021, Available at: (https://gov.krd/mnr-en/publications/oil/).
48) The Southern Gas Corridor, Available at: (https://www.tanap.com/en/southern-gas-corridor).